# ئةنفال

## عارف قورباني

ئەنفال وەحشیەت گەریانەترین کردەی سەربازیبوو کە لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا رژێمی فەرمانڕەوایی عێراق بەبڕیاری راستەو خۆی سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری عێراقو بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مجید ئامۆزای سەدام حوسێن کە پۆستی سکرتێری گشتی نوسینگەی باکوری حیزبی فەرمانڕەوای پێدرابوو, لە 23ی شوبات تا 6ی ئەیلولی 1988 بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامیدا.. هەرچەندە عەلی حەسەن مجید لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی نوسینگەی باکوردا مێژووی ئەوکردە سەربازیە بە (18ی شوبات تا 4ی ئەیلولی 1988) ناو ئەبات, کەتیایدا زیاتر لە (4500) چوار هەزارو پێنج سەد گوندو چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان روخێنراو نزیکەی چارەکەملیۆنێك مرۆڤی کورد لەژن و منداڵ و لاوو پیرو پەککەوتە لەو کردە سەربازیەدا لەلایەن یەکەکانی سوپاو هێزە تایبەتیەکانی ئەو کردەیەوە دەست گیرکران, دواتر بێ سەرو شوێن کران, بەشێوەیەکی بەر بلاویش چەکی هەمە جۆری کیمیایی لەچەند شوێنێکی وەك (هەڵەبجە کە زیاتر لە 5000 پێنج هەزار هاولاتی تیا شەهیدو چەندین هەزارکەس بریندار بوون و لەدۆڵی جافایەتی لەگوندەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵو هەڵەدن و شاناخسێ و ناوچەکانی قەرەداغ لە گوندەکانی سێوسێنان و جافەران و مەسۆیی و شاخی زەردەو لە گەرمیانیشدا لەتازە شارو لەناوچەی قەلا سێوکە لە گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر کە زیاتر لە 300 سێسەد هاولاتی شەهید کردو دەیانیش برینداربوون. هەروەها لە بالیسان و هیران و سماقولی و گەرەوان و دۆڵەکانی مەلەکان و زۆربەی ناوچەکانی بادینانیشدا چەندین جۆری گازی کیمیایی چی لەرێگەی راستەو خۆیی فرۆکەو هەلی کۆپتەر یان بەراجیمە کیمیابارانی ناوچەکانی کردو ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی هەریەك لەو ناوچانەی شەهیدکرد تەواوی گوندەکانی کوردستانی لەگەڵ زەوی داتەخت کردو زۆرترین ژمارەی بەشەری بوونە قوربانی ئەو کارەساتەو گەورەترین پانتایی زەوی کشتوکاڵی کرایە ناوچەی (قەدەغە کراو- محرمە)و زۆرترین رەزوباخ سوتێنراو سەدان هەزار سەرمەڕو مالات بەتالان بران و کەل و پەلی ناومال و سەروەت و سامانی تەواوی هاولاتیانی ئەو ناوچانەی کەوتنە نێوو بازنەی گەمارۆکەوە, لەلایەن سوپاو یەکە تایبەتیەکانی سەربازییەوە دەستیان بەسەردا گیراو تەواوی چاوگەی ئاووکانیاو و کارێزەکان پڕکرانەوەو ئاسەواری ژیانی پێونەهێلا..

تەواوی ئەو کردە سەربازیەش لەماوەی کەمتر لە7مانگدا جێ بەجێکراو لە پرۆسەیەکی زۆر خێرادا بەڕێوەچوو...

هەرچەندە ئەنفال و هەوڵی قڕکردنی کورد مێژوویەکی درێژی هەیەو ناکرێ تەنها ئەو کردە سەربازیە بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە کە کردارو رەفتاری رژێمێکی شۆڤێنی دەسەلاتدار بووە لەماوەیەکی زەمەنی دیاری کراوداو لە کردەیەکی سەربازی خێرادا دژ بە هاولاتیان و بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی نەتەوەیەکی بن دەستەی خۆی ئەنجامی داوە.. چونکە ئەنفال ترۆپکی تاوانێکە کە لەسەر کۆمەڵێ سەرەتا بنیات نراوەو لەمێژە وەك ستراتیژێك کاری بۆ کراوە.

گەر بەقولایی مێژووی دروست بوونی دەولەتی عێراقدا رۆچینە خوارەوەو 63 شەست و سێ سالی دوونێوانی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە تا ئەنفال بخوێنینەوە.. دەبینین لەسەردەمی هەریەك لەدەسەلات و فەرمانڕەواکانی عێراقدا

بەجۆرێك لەجۆرەكان كار بەو ئاڕاستەیە كراوەو هەركامیان‌و لەهەر قۆناغێكیاندا بەشێوازێك درێژە بە سیاسەتی سڕینەوەی كورد دراوە..

تا سەرئەنجام حیزبی بەعس لەهەموویان دڕندانەترو بەشێوەیەكی وەحشیگەریانەو بەتەرخان كردنی هەموو تواناكانی‌و بەبەكارهێنانی هەموو جۆرە چەكێك بەچەكە یاساغە نێو دەوڵەتیەكانیشەوەو بێ گوێ دانە یاساو ڕێسا ئاسمانی‌و نێو دەوڵەتیەكان, بەئەندازەیەك درێژەی بەو سیاسەتەدا كەگەیاندی‌یە پرۆسەی (كورد قڕان)و ئەو كارەساتەی خوڵقاند كە لەمێژووی بەشەریەتدا كەم وێنەیە. مەگەر هۆلاكۆو تەیموری‌لەنگ لەمێژووی‌رابردوودا كارەساتی لەو جۆرەیان خوڵقاندبێت‌و مەگەر قەتل‌و عامی ئەرمەن بەدەستی توركەكان‌و (هۆڵۆ كۆستی) جولەكە لەسەردەستی هیتلەر بەوشێوەیە بوبێت..!

گەر بەشێوەیەكی سەرپێیانەش بێت بەومێژووەدا بگەڕێینەوە , دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بێ رەچاوكردنی مافی گەلی كوردو لكاندنی باشوری كوردستان بەعێراقی عەرەبی‌یەوە. ئەو زەمینەیەی دروست كردوە كەدەسەلاتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق زیاتر گەلی كورد بەركەناربخەن‌و خاكی پڕ سامانی كوردستان تالان بكەن و كورد لەخاكەكەی جیابكەنەوە.. ئیتر چی بەگۆڕینی سیمای نەتەوەی كورد بێت یان بەعەرەب كردنی خاكەكەی.....

هەربۆیە دەبینی لەسەرەتای تەمەنی ئەم دەوڵەتەوە بەپێی نەخشەو سیاسەتێكی شۆڤێنیانە كاربۆ ئەوە كراوەو سەرەتا مەڕدارو عەشیرەتە عەرەبەكانیان هان داوە كە رووبكەنە خاكی پڕ بە پیتی كوردستان‌و بە هەموو شێوەیەك دەسەلاتیش پشتگیری كردون‌و لەناوچە سنوری‌یەكانی نێوان هەردوو نەتەوە (كوردو عەرەب) لەناوچەكانی زنجیرە چیایی حەمرینەوە دەستیان پێكردووەو مەڕدارە عەرەبەكانیان هێناوەتە ئەم دیوی زنجیرەچیایی حەمرین, لە سییەكاندا عەشیرەتەكانی (حەمدانی, كلیبات) بەمەبەستی مەڕداری پشتگیریان كردوون بۆ نیشتەجێ بوون لەوناوچە سنووریانەو دواتر هانیانیان داوە تازەوی‌و زاری كشتوكاڵی كوردەكان بكڕن‌و خەریكی كشتوكاڵ كردن بن‌و بەدیار زەوی‌و زارەكانیانەوە نیشتە جێ بن.. بەم پێیە دەبینی لەچارەكی یەكەمی دەسەلاتی دەوڵەتی عێراقدا ژمارەیەكی بەرچاو لە عەشیرەتەكانی عەرب‌و مەڕدارەكانی ناوچەكانی خوارووی عێراق گوێزراونەتەوە ئەم دیوی زنجیرە چیای حەمرین‌و تانزیك موصل‌و كەركوك‌و خانەقین بەدرێژایی سنوری نێوان ئێران بۆ سوریا شۆڕبوونەوە بۆ ناو خاكی كوردستان. لەپاڵ ئەمانشدا بەبیانووی راپەڕینی ناوچەیی بارزانەوە لەساڵەكانی 1932– 1934 سوپای عێراق بە پاڵپشتی فڕۆكەی بەریتانیا دەستی كردووە بە وێرانكردنی ناوچەكانی بارزان‌و لەتەنها سێ ناوچەدا (بەرۆژ– مزوری– شێروانە) 79 حەفتاو نۆ گوندی وێران كردوە كە (2382) دوو هەزارو سێ سەدو هەشتاودوو ماڵبوون, بەم شێوەیە ئەو سیاسەتە پەیڕەو كراوە, كە ئەمەیان ئەكرێت بە قۆناغی یەكەمی ناوبەرین‌و لەقۆناغی دواتری‌دا كەوتونەتە دەركردنی كوردو نیشتەجێكردنی عەرەب لەسەر ماڵ‌و حاڵەكەی.. لەمیشیاندا سەرەتا دەسەلاتداریێتی عێراق هانی ئاغاو شێخە عەرەبەكانی داوە كە زەویی‌و زاری كوردەكان بكڕنەوە, بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی داون‌و دواترو دوای ئەوەی كە جێ پێی خۆیان كردۆتەوەو بەپارەو بەكڕینی چەند پارچە زەویەك خۆیان كردوە بە خاوەن ماڵ ئەوجا كەوتونەتە دەركردنی كورد لە گوندەكان‌و دەست بەسەردا گرتنی زەوی‌و زارەكانیان‌و تا گەیشتووەتە ئەوەی كەبەزۆر كوردەكان رابگوێزن‌و عەرەب لە شوێنیاندا نیشتەجێ بكەن.

حیزبی بەعس لەقۆناغی یەکەمی دەسەڵاتیدا کەلە 1963/2/8 بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەستو لەماوەی کەمتر لە 6مانگی تەمەنی حوکمڕانیدا لە قەزای دووبز 22 گوندو لەقەزای مەخمور 6 گوندو لەناحیەی سەرگەردان 14 گوند کەسەرجەمیان 42 گوندە هەمووی دەربەدەرکردوون‌و عەشیرەت‌و عەرەبی شارەکانی خواروی عێراقی هێناوەتە ئەو گوندانەو هەرچی زەوی‌و زاری کشتوکاڵی یان هەبووە داوێتی بەعەرەبەکان.

کە دەکرێت بڵێین لێرەوە مەترسی ئەو سیاسەتە دەرکەوت کە پێشتر کاری لەسەر کرابوو, گەیشتە قۆناغێکی ترسناک‌و بەکارهێنانی زەبروزەنگ‌و سوپاو هێزی سەربازی لەپێناو پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتەو ئیتر لەوەوە بووە شتێکی دیارو رۆژانەو بەبیانووی جۆراوجۆرو نەخشەی هەمەلایەنەوە هەنگاوی بۆ دەنرا.. تا گەیشتە ئەوەی بەبیانووی پاراستنی سنورەوەو زەروریەتی (پشتێنەی ئەمنی) بە قوڵای 10بۆ 20 کم. لەسەرجەم سنوری کوردستان چۆڵکراو وەك بازنەیەکی گەمارۆ ئەڵقەیەکی سەربازی بەدەوری گەلی کوردا دروستکردو هەرچی گوندو شارۆچکەی سنوری نێوان ئەو 10 بۆ 20کم لەسنوری نێوان عێراق سوریاو عێراق – تورکیاو عێراق– ئێراندا بەبیانووی سنورەوە هەڵمەتێکی فراوانی راگواستنی دەست پێکرد کە تەنها لەناوچەی پارێزگای سلێمانیدا ژمارەی ئەو گوندانەی کە راگوێزران گەیشتە (571) پێنج سەدو حەفتاو یەك گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان 18599 هەژدە هەزارو پێنج سەدو نەوەدو نۆ خێزان بووە.

لەپارێزگای هەولێریشدا ژمارەی گوندە راگوێزراوەکانی گەیشتە 148گوندو ژمارەی خێزانەکانیان 4387 چوار هەزارو سێ‌سەدو هەشتاو حەوت خێزانبووە, لەپارێزگای دهۆکیشدا 207 گوند بەبیانووی سنورەوە راگوێزراون کە ژمارەی‌خێزانەکانیان 7828 حەوت هەزارو هەشت سەدو بیست‌و هەشت خێزان بووە.

بەم پێیە لەپرۆسەیەکی بەناو پاراستنی سنوردا ناوچەیەکی فراوانی لەکورد راگواست‌و پشتوێنەیەکی سەربازی بەدەوری کوردا دروستکردو تا دەهات ئەو بازنەیەشی توندتر دەکردەوە, لەسنوری پێکەوە گرێ دراوی هەردوو نەتەوەشدا (کورد– عەرەب) بەعەشیرەتی عەرەب لەمپەرێکی بەهێزی دروستکردو کە تادێ زیاتر بۆ ناوناخی ژیانی کورد شۆڕی دەکاتەوە بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کوردو بەعەرەب کردنی خاکەکەی..

لەپاڵ ئەم کردەیەشدا لەناو شارو شارۆچکەو ئۆردوگا دروستکراوەکانیشدا پەیڕەوی سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)ی دەکردو ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی کوردی بۆ شارەکانی خواروی عێراق نەفی ئەکرد بەبیانووی دامەزراندیان لەفەرمانگە میریەکاندا. کە بەمەش دەیویست لەپاڵ راگواستن‌و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگادا سیاسەتی پەرتەوازەکردنیش بەسەر کۆمەڵی کوردا بسەپێنێ‌و لەناوچە سنوریەکان‌و شوێنە دورە دەستەکانەوە وردە وردە کۆیان کاتەوەو لەناو شارەکانی خواروی عێراق بلاوەیان پێبکات کە لەقۆناغی دووەمی گرتنەوە دەستی دەسەلاتدا حیزبی بەعس زۆر لەو کوردانەی کەبەشداری چالاکی‌یە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردی بوون, رەوانەی خواروی عێراقی کردن‌و هەڵمەتی بەعەرەب کردنی خاکی کوردستانی گەیاندە ناو شارە کوردیەکان‌و سەدان خێزانی عەرەبی هێنایە شاری کەرکووك‌و لەفەرمانگەکاندا دای مەزراندن..تەنها لەیەك رۆژداو بەبڕیارێك 118 کرێکاری کوردی کۆمپانیایی نەوتی کەرکووکی لەسەر کار دەرکردو بەفەرمانێك عەرەبی لەشوێنیان دامەزراند, لەناو شاری کەرکووك دا کەوتە درووست کردنی خانووو تەنانەت نەخشەی دروستکردنی چەند گەڕەکێکی عەرەب نشینی کێشا. بەجارێك (600) خانوویان بەرامبەر

ئیسکانی تازە دروستکردو ناویان نا (حی الکرامە)[] وعەرەبیان بۆ هێناو نیشتەجێان کرد. دواتر (500) خانوویان دروستکرد بەناوی (حی المپنی)[].

هەر لەپێناو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کەرکوکدا پەنای بردۆتە بەر کاری نایاسایی وەك دەست کاری کردنی (سجلی سەرژمێری ساڵی 1957)[].

ئیتر ئەمە بووە سیاسەتی بەردەوامی دەسەڵاتدارانی عێراق هەرجارەو بەناوێکەوەو بەبیانویەکەوە ژمارەیەك خانووی تازەیان دروست ئەکردو عەرەبیان بۆ ئەهێنا – تا دواجار گەیشتە ئەوەی کە پاداشتی (10)هەزار دیناری تەرخان کرابوو بۆ هەر عەرەبێك باربکاتە کەرکووك رژێم لەسەرووی ئەو پارەیەوە زەوی‌و عەقاراتیشی ئەدا پێی..

کە ئەم هەنگاوانەش دەرئەنجامی ئەو نەخش‌و سیاسەتە بوون کە زوتر بەرنامەیان بۆداڕشتبوو. هەر لەدوای بەیانی یانزەی ئازاردا (پارێزگاری کەرکووك) لەلێدوانێکی‌دا بۆ رۆژنامە نوسێکی میسری, دەربارەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچە کوردیەکان, گوتبووی کە عێراق هەوڵ دەدات پێکهاتەی دیموگرافی راستەقینەی ناوچە کوردییەکان بکۆڕێت کە بەهۆی سەرژمێری دانیشتوانەوە ئەنجام دەدرێت[] کە ئەوە بۆ خۆی دەربڕین‌و درکاندنی بەرنامەی راستەقینەو ئایندەی بەعسبوو بەرامبەر بەکوردکە بەدرێژایی دەسەڵاتی بەعس بەگیانێکی شۆڤێنیانەوە درێژەی بەو سیاسەتەداو گەورەترین توانای ئابووری‌و سیاسی‌و سەربازی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو.. لەیەکێ لە کاسێتە دەست بەسەرا گیراوەکانی عەلی حسن مجیددا لەراپەرینی ساڵی 1991دا بەئاشکرا علی حسن مجید قسە لەسەر ئەو هەوڵی بەعەرەب کردنە دەکات‌و دەڵێ (ئەو خاڵەی قسەی لەسەر دەکەین کەرکووکە, کاتێ من هاتم عەرەب‌و تورکمان لەسەدا پەنجاو یەکی 51٪ سەرجەم دانیشتوانی کەرکووك زیاتر نەبوون .. پێش هەموو شتێك من (60) ملیۆن دینارم خەرج کردوە تاگەیشتوینەتە ئەم بارەی ئێستا. حاڵی حازر مەسەلەکە روونەو بۆ زانیاریتان ئەو عەرەبانەی کەهێنراون بۆ کەرکووك رێژەکەیان بۆ لە 60٪ بەرز نەکردۆتەوە. پاشان تەعلیماتمان دەرکردو نەمانهێشت کورد لە کەرکووك ئیش بکەن, بەهەمان شێوە لەنزیکی‌و لەدەوروبەریشی..)[].

ئەوەی کە علی حسن مجید قسەی لەسەر دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات ئەو کاتەی من هاتم مەبەست لەساڵی 1987. چونکە علی حسن مجید لە 29ی مارتی 1987 تا 23ی نیسانی 1989 دەسەڵاتێکی نائاسایی پیدرابوو کە هاوتای دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماربوو لەناوچەی باکوردا[]ب.. کە ئەودەسەڵاتەشی لەلایەن خودی صدام حسی‌و بەفەرمانێکی تایبەتی کە ئیمزای صدامی لەسەرە ئاراستەی دەزگا تایبەتیەکانی کردووە.

بەدرێژایی ئەو دەیان ساڵەی پێش هاتنی علی حسن مجید بۆ کەرکووك‌و بەهەموو ئەو توانایانەی کە مەبەستی بەعەرەب کردن‌و وراگواستنی کورد لەشاری کەرکوك ئەنجام درابوون, رێژەی عەرەب بە تورکمانیشەوە لەنیوەی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوان تێنەپەڕیوە. کەچی لەماوەی دوو ساڵی حوکمی تایبەتی علی حسن مجیددا تەنها رێژەی عەرەب گەیشتووتە رێژەی لە 60٪ی دانیشتوان‌و دوای ئەوەش بڕیاری دەرکردووە کە کورد لەکەرکووك‌ودەوروبەری‌دا مافی کارکردنی نەدرێتێ تا بەناچاری بەدوای شوێنی ژیاندا لە جێگایەکی تری غەیرە ناوچەکانی کەرکووکدا بگەرێن..

هەرخۆی پێی لەوەش دەنێ کە تەنها لەو دووساڵەداو تەنهابە مەبەستی بەعەرەبکردنی ناوشاری کەرکووك بڕی(60) ملیۆن دیناری عێراقی کە (180)سەدو هەشتا ملیۆن دۆلاری ئەوکاتەی بۆ تەرخان کردوە.. جگە لەوەی کە دەقاتی ئەو بڕە پارەیەی بۆ راگواستنی گوندەکان‌و دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ سەرف کردووە تاکورد لەناوبازنەیەکی دیاری

كراودا كۆبكاتەوەو ئاسان بتوانێ هەركاتێ بڕیاری لەناوبردنی یەكجاریان بدات. لەماوەیەكی كورتو بەئاسانی لەناویان بەرێت. چونكە ئەوە ستراتیژی سیاسەتی شۆڤێنیانەیان بووە..

ئەگینا لەكاتێك دا عێراق لە ساڵی 1980دا ئاگری شەڕی لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا هەڵگیرساندو خۆی لەشەڕێكی قورسەوە گلاند, پێویستبوو هەموو تواناكانی بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو شەڕە تەرخان بكات.. بەڵام دەبینی ئەمجارە لەپەنای دوكەڵی شەڕی ئێراندا و بەبیانووی ئەو شەڕەوە بەشێوەیەكی چڕتر درێژەی بەسیاسەتی ڕاگواستنو وێران كردنی خاكی كوردستان داو گەمارۆی سەركوردی توندتر دەكردەوە تا لەشێوە زیندانێكی داخراو یا ئۆردووگایەكدا كۆیان بكاتەوەو ئامادەیان بكات, تا بەهۆی چاوپۆشی كردنی زلهێزەكان لە عێراقو بەبیانووی جەنگی ئێرانو ناوزەدكرنی كورد بەكرێ گرتەو هاوكاری ئێران, لەناویان بەرێت.

هەرلەسەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی ئێران- عێراقداو بەبیانووی شەڕەوە لەپارێزگای سلێمانیدا قەزای پێنجوێنو ناحیەی بیارەو مەركەزی ناحیەی (باسنێ)و ئۆردووگاكانی ناڵپارێزو پێنجوێنو 66 گوندی ڕاگواست كە ژمارەیان 16125 شانزە هەزارو سەدو بیستو پێنج خێزانبوو. هەروەها لەپارێزگای هەولێریشدا قەزای چۆمانو 35 گوند كە ژمارەیان هەزارو حەوت سەدو حەفتاو نۆ خێزان.

بەم پێیەو لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانیدا, دوومەركەزی قەزاو دوومەركەزی ناحیەو دوو ئۆردووگاو 101 سەدویەك گوندی روخاند كەژمارەیان 17904 هەڤدە هەزارو نۆسەدو چوار خێزانبوون دانیشتوانەكەشی بەشارو شارۆچكەكانیتردا پەرشو بڵاوكردەوە.

ئیتر چ بەبیانووی شەڕی ئیرانو چۆڵكردنی ناوچە سنووریەكانو چ بەبیانووی چالاكی پێشمەرگەوە كاول كردنو روخاندنی دێهاتەكان بووە دیاردەیەكی بەرچاو لەهەر جێگایەكدا چالاكیەكی هێزی پێشمەرگە ئەنجام بدرایا.. ئەو گوندەیان دەڕوخانو دەسەڵات درابووەیەكە سەربازییەكان كە هەر گوندێك تەقەی تیاكرا یان زانرا كەشوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەیە بێ گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەروتر, دەبی وێران بكرێت وەك لەم بەڵگەیەدا دەردەكەوێت.

(دەزگای ئەمنی عێراق لەپارێزگای كەركووك (تأمیم) لەنامەی رۆژی 1987/9/17دا ژمارە -5866- داوا لەرێكخراوی ئیستخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵات دەكات كە دەربارەی ئەو گوندانەی هێشتا وێران نەكراون چونكە ناوچەكانیان بەمەترسیدار نازانن لەسەر ئەمنی حكومەتی عێراق.. دەزگای ئیستخبارات بەنووسراوی ژمارە / كەرتی3/بەشی3/ 2127لە 28/9/ 1987دا بەشێوەی نهێنیو تایبەت وەڵامی داوەتەوەو ئاڕاستەی هەموو ناوەندو لیژنە ناوچەییەكانی كردوە, كە ئەو گوندانەی مەترسی لەسەر ئاسایش دروست ناكەن, پێویستە تەنیا هەر بەبڕیاری علی حسن مجید بەرپرسیاری بەڕێوەبەرایەتی رێكخراوی باكوور, ئەو گوندانەوێران بكرێت. و ئەو گوندانەی تەقەیان لێوە دەكرێت یان (ـئاژاوەچییان) لەوناوچانەن, ئەوە ئەو بڕیارەیان ناوێت) لەگەڵ درێژەدان بەو سیاسەتەی ڕاگواستنەداو بۆ كەم كردنەوەی ژمارەی كورد بەپێی بڕیارێكی تایبەتی ڕژێمو بەو بیانوەی كە ئەمانە لەئێرانەوە هاتوون, لەهەموو ناوچەكانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق پەلاماری كوردە فەیلیەكانیداو زیاتر لە (300000) سێ سەد هەزار كەسیان لەسەر ماڵو حاڵی خۆیاندا گرتو دوای دەست بەسەرداگرتنی سەروەتو سامانیان, خۆیان لەسنوری ئێران كردە ئەو دیووداو لە عێراق دەری كردن. هەموو ئەو گەنجو لاوانەش كە تەمەنیان لەنێوان (15بۆ 20) ساڵانبوو كە ژمارەیان نزیكەی (10)دە هەزار كەس دەبوو راپێچی زیندانەكانی خواروی عێراق كراونو دوو هەزار كەسیان بەبیانووی پاكسازی

بەندیخانەکانەوە لەساڵی 1987 پاکتاوکراون‌و هەشت هەزارە کەشیان بەرلە ئەنفالەکان بۆمەبەستی چۆڵکردنی (نوگرە سەلمان) بەکۆمەڵ کوژراون.

لەچوارچێوەی هەمان سیاسەتداو بۆ قڕکردنی کوردان لەبەرەبەیانی 31ی تەمووزی 1983دا بەهێزەکانی گاردی کۆماری, گەمارۆی ئۆردووگای (قوشتەپە)ی داو لەماوەیەکی کەمدا هەرچی نێرینە بوو لە نێوان تەمەنی (14بۆ 70) ساڵ٫ هەمووی دەستگیرکردو لەپرۆسەیەکدا بێ سەرو شوێنکران.

دواترلە ئۆردووگای (بەحرکەو هەریرو دیانە) هەمان کاریان ئەنجامداو بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە خەمڵێندراوە ژمارەیان (8) هەشت هەزار (نێرینەی بارزانی)بوون کە خەڵکی گوندەکانی بارزان‌و ناوچەی بادینان بوون‌و لەدوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول کۆچیان پێکرابووە ئەو کامپ‌و ئۆردووگایانەی بۆیان درووست کرابوو.

ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژانە لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا چەندین لاو دەگیران‌و ڕەوانەی قەسابخانەی موصل دەکران‌و چەندین خێزانیش ڕاپێچی زیندانەکان دەکران بەهۆی ئەوەی کە کوڕیان یا کەس‌و کاریان لەریزی هێزی پێشمەرگەدایە.. لە ڕۆژی 1987/3/20 لەشاری کەرکووك هاوڵاتی (صالح سەعید باپز) خۆی‌و(6) ئەندامی خێزانەکەی بەم ناوانە

1–عادل صالح سەعید

2–مهدی صالح سەعید

3–عبدالوهاب صالح سەعید

4– سەعدون صالح سەعید

5– صلاح صالح سەعید

6– ڕەفیق صالح سەعید

بەبیانووی ئەوەی کە کوڕێکی بەناوی (د.هادی) لەریزی پێشمەرگەدایە.. ڕاپێچی زندانی کردن‌و تائیستاش چارەنووسییان نادیارەو بێ سەروشوێنکران.

ڕژێم گەرچی ئەوە نەخش‌و ستراتیژی بوو بەڵام هەستی ئەکرد بەهۆی جەنگی لەگەڵ ئێرانداو ئەو پیشتگیریە بەرچاوەی ڕۆژ ئاوای بۆ خۆی بەفرسەتێك زانی کە مەرامەکانی لە کوردستانیشدا جێ بەجێ بکات‌و ئەو چاوپۆشیەی قۆستەوەو بەشێوەیەکی بەرفراوان‌و بەپێیی نەخشەیەکی وردی هەمەلایەنە کەوتە وێزەی کوردو پراکتیزەکردنی ئەو نەخشەیەی کە لەمێژ بوو وەك ستراتیژێك دیاری کردبوو.. کە ئەویش پیادەکردنی (جینۆ ساید)بوو لەکوردستاندا.

دەکرێت ئەو قسەیەی تارق عزیز کە لەساڵی 1983دا لەکاتێکدا (فریدون عبدالقادر) بەنوێنەرایەتی سەرکردایەتی PUKبەهۆی حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە کە دەچێتە بەغداد بۆ بینینی سەرکردایەتی بەعس‌و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر دەست پێکردنی مفاوەزات لەنێوان pukو ڕژێمی عێراقدا.. لەودیدارەدا تارق عزیز بەفەریدوون عبدالقادر دەڵێ (ئێمە ناڕووخێین چونکە دونیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ دەکات.. ڕۆژێکیش دێ ئەم شەڕە تەواو دەبێ, ئەگەر ئێستا بێن‌و لەگەڵمان پێك بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە.. خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێبدەن, دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردوەو ئەیهێنینە سەر

ئێوه.. ساڵێك وهختو سهد ههزار كوژراوتان بۆ تهرخان ئهكهین, بهڵام خاكتان بهتوركه ئهبێژینو تهفرو توناتان ئهكهین).

ئهم قسهیهی تارق عزیز كه ئهو كات وهزیری دهرهوهی عێراقبوو پێنج ساڵ پێش دهست پێكردنی كرده سهربازیهكهی ئهنفال. راستهو خۆ بهنوێنهری بزوتنهوهی رزگاری خوازی كوردی گوتووه. بۆ خۆی بهڵگهیهكی حاشا ههڵنهگره كه بهرنامهیهكی داڕێژراوی پێشوهخت ئامادهكراوه بۆ قڕكردنی كوردو ههموو سهرانی رژێم لێی ئاگادارن..

پیلانهكهش بهو شێوهیهبووه كه سهرهتا ههوڵبدرێت كورد لهنێو چوار چێوهیهكدا كۆ بكرێنهوه, تا لهههركاتێكی كوتو پڕدا بتوانرێ كۆنترۆڵ بكرێنو لهناو بدرێن.كه گرتنو بێ سهروشوێن كردنی ههشت ههزار بارزانی له چهند كهمپێكی بچووكدا نمونهیهكی زندوو بهرچاوی ئهو سیاسهتهیه..

ئهوهتانێ علی حسن مجید لهكۆبونهوهیهكی دا لهگهڵ ئهندامانی نوسینگهی باكوری حیزیبهعس بهئاشكرا پێ لهوڕاستیه دهنێو دهڵێ (راگواستنی كورد راناوهستێنم.. ههركاتێكیش لهراگوێزان بووینهوه لهههموو شوێنێك دهست دهكهین بهپهلامار دانیان).

ئیتر ئهوه نهخشو سیاسهتی شۆڤێنیانهی دهسهڵاتدارانی عێراق بووه بهرامبهر به گهلی كوردوبۆ بهجێ هێنانی ئهوهش رێوشوێنی توندیان گرتۆتهبهرو گهورهترین توانای سهربازیو ئابوریان بۆ تهرخانكردووه.تا لهههموو ناوچهكانی كوردستاندا تهواوی گوندهكانو شارو شارۆچكهكان رابگوێزنو دوای راگوێزانیش پرۆسهی پهلامارданو گرتنو بێسهرو شوێن كردن پیاده بكهن.. عهقڵیهتی شۆڤێنیانهی سهرانی رژێم گهیشته ئهو ئاستهی له پێناو بهپهله جێ بهجێ كردنی ئهو سیاسهتهیاندا بهچهكیكیمیایی لهگوندنشینهكانی كورد بدهنو بهرله ئهنجام دانیشی علی حسن مجید له كۆبوونهوهیهكی لهگهڵ ئهندامانی نوسینهگهی باكوری حیزبی بهعسو بهرپرسانی حیزبی له پارێزگاكانی باكوردا راشكاوانه قسه لهسهر ئهوه دهكات كه لهبهرامبهر گهلی كوردا چهكی كیمیایی بهكار دههێنم. دهڵێ (من به موستهشارهكانم راگهیاند كهوا رهنگهبڵێن ئێمه گوندهكانی خۆمان خۆش گهرهكهو نامانهوێ بهجێان بهێڵین. وتم من ناتوانم لهگوندهكهت بگهڕێم لهشوێن خۆی بمێنێ.. چونكه بهچهكی كیمیایی لێی دهدهم.. من ههرههموویان بهچهكی كیمیایی تاق بڕ دهكهم.. بزانم كێ قسه دهكات..؟ كۆمهڵی نێو دهوڵهتی..!؟ لهكۆمهڵی نێودهوڵهتی بهو لهوانهش گوێیان لێدهگرن ).

كه ئهمهش بهڵگهی بێ منهتی رژێمی عێراقه لهكۆمهڵی نێودهوڵهتیو بێ باكی لهبهرامبهر ههرپێشێل كردنێكی دهستورو یاسا نیۆ دهوڵهتی یهكانیشدا.. كه ئهوهش زیاتر لهوهوه سهرچاوهی گرتبوو كه بهرژهوهندی وڵاته زلهێزهكانی دونیا لهعێراق دابوو, لهلایهكی تریشهوه ئهو شهڕهی دژ به دهوڵهی ئێران كهویستو رهزامهندیو پشتیوانی رۆژئاوایی بۆ عێراق مسۆگهر كردبوو.. ههر بۆیه تێبینی دهكرێت لهپاڵ ئهوهشهڕهداو بهدرێژایی ئهو ههشت ساڵهی شهڕی ئێران.. رژێم بهقهدهر ههموو ئهو ساڵانهی رابردووی تهمهنی دهوڵهتی عێراق سیاسهتی به عهرهب كردنی خاكی كوردستانی بردهپێشهوهو سهرئهنجام گهیاندیه دوا ترۆپكی تاوانو ئهو كرده وهحشیگهریانهیهی (ئهنفال)ی تیا ئهنجامدا.. بهتایبهت خێرایی بهكرده سهربازیيهكهوه دیاربوو تا بهر له كۆتایی هاتنی جهنگی ئێران– عێراق.. ئهو قهتڵو عامی كوردی كردبێ.. نهبادا دوای تهواوبوونی شهڕی دژ بهئێران. رۆژئاواكاریان پێ نهمینێو پشتی تێ بكهنو لێی قبوڵ نهكهن كهمیلهتێك بهچهكی كیمیای ئیبادهبكاتو ژنو منداڵ زینده به چاڵ بكات.

هەر بۆیە لەسەرو بەندی کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران داو لەناوەڕاستی شوباتی 1988 داو بەچەند قۆناغێك پەلامارەکانی ئەنفالی دەست پێکرد

سەرەتا به هێرشێکی بەر بڵاوی سەربازی لەبەرەبەیانی 23/شوبات پەلاماری ناوچەکانی سەرکردایەتی یەکێتیو گوندەکانی ناوچەکەیداو نزیکەی مانگێك شەڕی بەرگری هێزی پێشمەرگەو پاش بەکار هێنانی چەکی کیمیای لە هەڵەبجەو سەرگەڵوو بەرگەڵوو چەند گوندێکی تردا لە 19/ئازار بەلاغی کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەنفالی راگەیاند□□و لە 3/22 قۆناغی دووەمی ئەنفالی دەست پیکردو لەناوچەی قەراغ داو بەبەشداری هێزێکی زۆری سوپاییو فڕۆکەی جەنگیو توپخانەو بەبەکار هێنانی چەکی کیمیایی لەسێوسێنانو جافەرانو مەسۆییو شاخی زەردە لەرۆژی 4/1دا بەلاغی کۆتایی قۆناغی دوەمی ئەنفالی راگەیاند.□□

لە 4/7دا پەلاماری ناوچەکانی گەرمیانیداو لەم قۆناغەیاندا زۆرترین ژمارەی هاوڵاتی لەژنو منالٚ دەستگیرکرد کە هیچ پەناگەیەکیان نەبوو بۆ خۆ حەشاردانو لەو هەردەوو هەڵەتانەی گەرمیانداسەرجەم گوندنشینەکانی کۆکردەوە. وەك لە گوتەی شایەتحاڵەکانی ناو ئەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە.

کە ئەم قۆناغەی ئەنفال فراوانترین ناوچەی گرتەوەو لە ناوچەکانی دوز خورماتووەوە تا قادر کەرەمو سەنگاوو هەردوو حەوزەی کفریو کەلارو هەمو گوندنشینە کوردەکانی ئەو ناوچانەی گرتەوە. گەرچی لە چەند شوێنێکی ئەم گەرمیانە داو لەچەند گوندێك بەرگری قارەمانانەکرا. بەڵام زەبرو زەنگ‌وتوانای سەربازی رژێمو بەکار هێنانی چەکی کیمیاییش لە(تازەشار)ی ناوچەی قادر کەرەم کوڵی بەخەڵکەکەداو لەرۆژی 4/20دا بەلاغی کۆتایی ئەو قۆناغەش لەفەرماندەیی گشتی سوپای عێراقەوە راگەیاندرا□□..

لەرۆژی 5/3 یشدا قۆناغی چوارەمی ئەنفالی دەست پێکرد بۆ دۆڵی زێی بچووك كە ناوچەکانی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیو ناوچەی شوانی ئەگرتەوە هەر لەیەکەم دەست پێکی ئەم قۆناغەیو لەرۆژی 5/3دا بەبەشداری 8 فڕۆکەی جۆری بیلاتۆز هێرشی کیمیاییان کردە سەر گوندی گۆپتەپەو عەسکەرو زیاتر لە (300)سێسەد هاوڵاتی شەهید کردو لەچەند رۆژێکی زۆر کەمدا دوای بەرگریەکەی کەمی چەند رۆژە لەرۆژی 5/8 بەلاغی کۆتایی قۆناغی ئەنفالی چوارەمیشی راگەیاند.□□

هەرسێ قۆناغی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی لە 5/15دا راگەیاندو بەشێوەیەکی زۆر فراوان پەلاماری دواناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا کە لەناوچەی دوکانەوە تاسنووری رەواندوزو ناوچە سنووریەکانی ئێرانیگرتەوە.. کەئەم سێ قۆناغەیان درێژترین ماوەی کێشاو زیاتر لە سێ مانگ بەهەموو تواناکانیەوە پەلاماری ئەم ناوچانەیداو چەندین جار چەکی کیمیایی لە ناوچەکانی (بالیسانو هیرانو سماقوڵیو وەرەو ئاکۆیانو فەقێیانو دۆڵەکانی مەلەکانو چیا سەختو توشەکانی ناوچە سنووریەکان)ی بۆردوومان کردو دوای بەرگریەکی سەختو قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەو پاش زیاترلە 3مانگ لەرۆژی 8/26 بەلاغی کۆتایی ئەم قۆناغەش راگەیێندرا□□) هێشتا قۆناغی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی ئەنفال تەواو نەبووبوو, شەڕی ئێران – عێراق راوەستا.علی حسن مجید خۆی بەشەخسی لە رۆژی 1988/8/7 دا پێی لەسەر ئەوە داگرتوو, کەدەبێ سوپای عێراق پەلە بکات لەتەواوکردنی عەمەلیاتی ئەنفال□□ . کە ئەو کاتە هێشتا بەرگری لەناوچە شاخاویەکانی سنوری ئێران– عێراقدا مابوو لە ناوچەکانی PUKدا. هەربۆیە پاش کۆتایی هاتنی جەنگ جگە لەفەیلەقەکانی یەكو پێنج کەتەرخان کرابوون بۆ کردەی ئەنفال. بەشێك لەتەشکیلاتی فەیلەقەکانی سێو

شەش‌و حەوت کە لەبەرەکانی فاوو بەسرەبوون گوازراونەتەوە بۆ کوردستان‌و ئەرکی نوێیان پێسپێردراوە تا لەزووترین ماوەدا کۆتایی بە ئەنغال بهێنرێت. هێشتا بەلاغی کۆتایی قۆناغەکانی پێنج‌و شەش‌و حەوت رانەگەیەنرابوو لەرۆژی 8/25 قۆناغی ئەنفالی بادینان دەستی پێکرد کە ژمارەی ئەو هێزەی لە ئەنفالی کۆتایی‌دا بەشدار بوو بە (200000) دووسەد هەزار سەرباز خەملێندراوەو 14تا 16 فیرقەی سوپای نیزامی کە هەریەکەیان دوانزە هەزار کەسبوون لەپەلاماری ئەنفالی کۆتایی‌دا بەشدار بوونە, جگە لە یەکەکانی هێزی ئاسمانی‌و بەتالیۆنەکانی چەکی کیمیایی‌و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی تا لەماوەیەکی زۆر کەمدا بەلاغی کۆتایی (خاتم الانفال) رابگەێنیۆ لەرۆژی 6/ئەیلوول 1988 کۆتایی بەهەشتەمین قۆناغی ئەنفال هات کە زۆرترین بۆردوومانی کیمیایی‌تێدا بەکار هات‌و تەنها لەرۆژی 8/25دا کەرۆژی دەست پێکردنی ئەو قۆناغەی ئەنفالبوو 27 گوندی بەچەکی کیمیایی بۆردوومان کرد.

ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بادینانیش بەهۆی نزیکیان لەتورکیاوە خۆیان گەیاندە ناوچە سنووریەکان‌و چەند کەمپێکیان بۆ کرایەوە..

دەکرێت لەنێوو ئەو قۆناغانەی رژێمدا بۆ ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان, چەند قۆناغێك یا چەند شێوازێکی دەستگیرکردن دەست نیشان بکەین.. حاڵەتی یەکەمی دەستگیرکردنی خەڵك ئەوانەن کە لەگەڵ دەست پێکردنی هەر قۆناغێکی کردە سەربازییەکەدا بۆ سەر هەر ناوچەیەك. بانگەوازی لێبوردنی دەرکردوەو ژمارەیەك بەپیری ئەو بانگەوازەوە هاتوون‌و دەستگیری کردوون وەك لەقسەکانی شایتەحال (رابیعە حسن سالم) کە خەڵکی ئاوباریکی ناوچەی قادر کەرەمە مێردەکەی‌و کەس‌و کاری بەپیری بانگەوازی لێبوردنەوە چوون‌و لەقادر کەرەم گیراون.. هەروەها شایەتحاڵ (عوزێر وەهاب) خۆی لەقادر کەرەم بەو شێوەیە گیراوە.. پاشان ئەوانەدێت کە لە پەلامارە سەربازییەکەدا بۆ هەر ناوچەیەك کەوتونەتە بەردەستی هێزەکانی عێراقەوەو لە شوێنی ئەنفال کردنیانەوە گواستراونەتەوە بۆ سەر بازگەکان‌و دواتر بۆ ئەو زیندانانەی کە بۆیان دەست نیشان کرابوون. کە ئەمانەش زۆربەی هەرە زۆری گوندنشینەکانی کودستانی گرتەوە جگە لەوانیش بەشێك سەربازی هەڵاتوو کە لەترسی ئەوەی نەبنە سووتەمەنی شەڕی ئێران– عێراق. خۆیان لەریزی سوپا دزیبووەوەو لەو گوندانەدا خۆیان پەنا دابوو. هەروەها ژمارەیەك پێشمەرگەش کە دوای ژمارەیەك بەرگری لەناوچە بەرکەوتووەکانی ئەنفالدا هیچ پەناگەیەکیان نەمابوو تەنها خۆ بەدەستەوەدان نەبێت...

سەرجەم ئەمانەش لەگەڵ ژن‌و منالی لادێکاندا لەشوێنی کۆکردنەوەی بەرکەوتوانی ئەنفالدا خڕکراونەتەوەو بۆ سەربازگەو زیندانەکان گواستراونەتەوە.

قۆناغێکی‌تر یا جۆرێکی‌تر لەگرتنی هاوڵاتیانی کورد ئەوخەڵکانەبوون کە لەترسی سوپاو یەکە سەربازیەکانی عێراق زوو گوندەکانی خۆیان چۆل ئەکردو بەرەوشارەکان ملیان دەنا لەرێگەکاندا دەستگیردەکران, وەك لەم بەڵگەیەدا دەیخەینەڕوو.. کە بروسکەیەکی بەپەلەی ئەمنی هەولێرە بۆ گشت بەڕێوبەرایەتیەکانی ئەمنی بەشەکانی و.م.خ/ ئەفسەری ئەمنی مەسیف. لە 1988/4/12 کراوە.

ژمارە / ش. س5505/3/ ئاماژە بۆ پەیوەندیە تەلەفۆنی یەکەی بەیانی‌رۆژی 1988/4/10 فەرمان درا بۆ:

1–حجز کردنی گشت ئەو خێزانانەی بەرەو شارەکان یان ئۆردووگاکان دێن لەگوندە قەدەغە کراوەکانەوە

2–پترکردنی چالاکی مەفرەزەکانتان‌و خاڵی پشکنین‌و دەزگاکانی‌تر لەوبارەیەوەو بەرێوەبەرایەتیەکانتان سەرپەرشتی حجز کردنیان دەکات لەپۆلیسخانەکاندا بەناوی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە نابێ هیچیان لێبکەن تەنها بەئاگاداری ئێمە نەبێت.

3–رەچاوکردنی بایەخدان بەخاڵەکانی پشکنین‌و دەستەبکاربوونی مەفرەزە تایبەتەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ریگاکانی هات‌و چۆ بۆناو شارەکان. چونکە ئەشێ ئەو خێزانانە بەبێ کەل‌و پەل بێن. بۆ چاوخشاندن‌و هەنگاونانی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنیان‌و ئاگادار کردنەوەمان لە هەڵوێستی رۆژانە لەگەڵ ناوی تەفسیلی داو ئەوپەڕی گرنگی‌دان بەمەسەلەکە.. ئاگادارمان بکەنەوە ) ب

لێرەدامەبەستی رژێم بەڕوونی دەردەکەوێت کە چەند مەبەستی بووە زۆرترین ژمارەی ژن‌و مناڵ‌و تەواوی هاولاٌتیانی ئەو سنورانەی کە دەستنیشانی کردبوون یابڵێین بازنەی مەرگی بەدەوردا کێشابوون. نەهێڵێ کەس دەربازی بێت‌و ئەوبەڵگەیەی سەرەوە دەری دەخات چەند گرنگی بەو مەسەلەیە داوە.. هەروەها لەقۆناغێکی دواتردا ئەو خەڵکانەی بەهەر هۆیەکەوە بووەو چۆن توانیویانە خۆیان دەربازبکەن‌و لەقوتی سوپای ئەنفال خۆیان بدزنەوە رووبکەنەشارو شارۆچکەو ئۆردووگاکان.. ماوەیەك دوای کردە سەربازییە ناوچەییەکان واتا بەدوای هەر قۆناغێکی ئەنفالدا... بانگەوازی دەکرد بۆ ئەوانەی کە (سەرژمێر نەکراون) لیژنەیەکی سەرژمێرکردن دەگەڕێت باخۆیان بەو لیژنانە بناسێنن تا ناونووس بکرێت‌و دواتر هەرکەسێ بگیرێت‌و ناونووس نەکرابێ بە ئێرانی لەقەڵەم ئەدرێت‌و بەدوای بانگەوازەکەشدا حەملەیەکی توندی دەرئەکرد بەو شێوازەش ژمارەیەك خێزانی‌تر دەستگیرکران‌و رەوانەی سەربازگەکانی تۆبزاواو دووبز کران‌و تێکەڵ بە ئەنفالکراوەکانیان کردوون.. وەك لەم سەرچاوەیەی بەردەستتدا (شایەت حاڵەکانی ئەنفال) شایەتحاڵ سامان عوسمان فەرەج لەدایك بووی 1977 لەگوندی سەرقەلاٌی ناوچەی سەنگاو ژیاوەو لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی 11سالاٌنبووە, دەیگێڕێتەوە کە لەکاتی ئەنفال کردنی ناوچەکەیاندا بەهۆی خزمێکی دەست رۆیشتوویان لای رژێمی عێراق. لەگوندەکەیان دەربازیان دەکات‌و لەچەمچەماڵ دەیانشارێتەوە. دوای ماوەیەك کاتێ بانگەواز دەکرێت بۆ ئەو خێزانانەی کە ئیحسا نەکراون بچن خۆیان ناونووس بکەن.. دوای ئەم ناونووسینە لەهەرماڵێکدا خێزانێ بگیرێت کە ناونووس نەکرابێ ئەوە خانووەکە ئەروخێنن بەسەریاندا.. ئەمانیش بەپیری بانگەوازەکەوە ئەچن کەماڵێکی (10)دەسەر خێزانن‌و باوکی مامۆستای ئاینی‌بووە, کاتێ دەچنە ئەو شوێنەی بەحساب بۆ ناونووس کردنیان دیاری کرابوو (25) بیست‌و پێنج خێزانی تریشی لێ دەبێت لەهاوشێوەی ئەمان.. هەموویان دەستبەسەر دەکەن‌و لەچەند زیلێکی عەسکەری باریان دەکەن بۆ تۆبزاواو تێکەڵ بەئەنفال کراوەکانی تریان دەکەن.. هەرلەوێ باوکی لەمان جیادەکەنەوەو ئیتر تا ئێستا هیچ چارەنووسێکی نازانن..

هەروەها شایەتحاڵێکی‌تر بەناوی (رابیعە حسن سالم) کە لەدیك بووی ساڵی 1955 گوندی مشکی بان ناوزەنگەنەیە. خۆیان رزگار کردوەو گەیشتوونەتە چەمچەماڵ لەگەڵ 7 ماڵی خزمیان دا لەماڵی باوکی رابیعە لە ئۆردووگای زۆرەملێی شۆڕش خۆیان پەنا داوەو ئەڵێ 40 چل رۆژ دوای ئەنفال ناونووس دەرچوون‌و بەماڵەکاندا گەڕان‌و لەماڵ لە ئۆردووگای شۆڕش دەست گیرکراون بەبیانووی ئەوەی کە سەرژمێری نەکراون. بردوویانیانەتە تەواریی سلێمانی‌و ماوەیەك لەوێ زیندانی بووە.

شێوازێكی تری ئەنفالیش كە ئەكرێت بەچنینەوەی پاشماوەی ئەنفال ناوی بەرین ئەو حاڵەتەیە كە رژێمی عێراق بۆ كۆكردنەوەی ئەوگەنجانەی كە لە ئەنفالداو لە گوندەكانی خۆیان رزگاریان بووبوو هاتبوونە شارەكانەوە. ئەمەیان لە رێگەی موستەشارە كوردەكانەوە جێ بەجێ كراوە.. كە پێانی راگەیاندووە كە داوا بكەن ئەوانەی كە سەربازی فیرار یان هەر گەنجێكیتر كە لەگوندە ئەنفالكراوەكانەوە هاتوونەتە شارەكان دەتوانن لەفەوجەكانی (خەفیفە)دا خۆیان ناونووس بكەن و وەرەقەیان بۆدەكرێت كەنەگیرێن.. كەزووتر رێگە بە موستەشارەكان نەدرا بوو بەڵكو بگرە هەڕەشەشیان لێكرابوو كەنابێ تەنها كەسێك بگرنە خۆتان. بۆیە هەردوای ئەو بریارەو دەرگا كردنەوەی فەوجەكان بۆ (نەشر)كردنی ئەو خەڵكانەی كە لەدێهاتەكانەوە رزگاریان بووەو ئێستا لەشارو شارۆچكەو ئۆردووگاكان خۆیان پەنا دابوو.. هەرچی ئەو جۆرە خەڵكانە هەیە كە بێگومان نەیان ئەتوانی لەسایەی رژێمێكی وازۆرداردا بژین و چاوی جاسووسەكان نەیان بینێ. بۆیە دەبینی ژمارەیەكی زۆری گەنجە دەربازبووەكان لە قوتی ئەنفال. ئەمجارە دەچنەوە بەردەم چەقۆی زۆردارو لەریزەكانی بەناو (بەرگری نیشتمانی) دا خۆیان ناونووس دەكەن.. دواتر یەكی چەكێكیان پێدەكرن بەبیانووی ئەوەی كە دەبێ هەركەس چەكی خۆی پێبێت ئەوسا وەردەگیرێت و وەرەقەی بۆ دەكرێت.. دوای چەكدار كردنیان ئەوسا هەموویان دەبرێن بۆ كەركووك و لە مەعسكەر خالیددا كۆ دەكرێنەوەو وێنەیان دەگیرێت و لە كەناڵەكانی راگەیاندندا بڵاودەكرێتەوە كە ئەمانە بەكرێگیراوەكانی ئێرانن و هاتوون خۆیان تەسلیم كردۆتەوە. چەندین شایەد حاڵ هەن كە وێنەی كوڕو كەس و كاری نزیكی خۆیان بەوشێوەیە بینیوە كە لەتەلەفزیۆنی عێراقەوە بەوشێوەیە نیشان دراون.

ئەمانەش وەجبەیەكی تری ئەنفال بوون كە ژمارەیان سەدان كەس زیاتر بووەو تائێستاش هیچ زانیاریەك لەبارەی چارەنووسیانەوە نەزانراوە.

ئەمە جگە لەوەی لەماوەی 7 مانگی دەست پێكردن تا كۆتایی كردەی سەربازی بەناو (ئەنفال)دا دەیان حاڵەتی ئیعدام كردنی بەكۆمەڵ دەبینین كە لەناوچە (قەدەغە كراوەكان)دا هەركەسێكیان دەستگیر كردبێ ئیعدامیان كردووە. وەك لەم بەڵگەیەدا دەردەكەوێت كە باس لەحاڵەتێك دەكات كە رۆژی 88/7/24 دوای دوومانگ تێپەڕبوون بەسەر قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا كە ناوچەكانی قەڵاسێوكەی گرتەوە. (13) سیانزە كەس كە لەدێدەوانەوە بەرەو ئۆردووگاكانی (دارەتوو بنەسلاوە) رۆیشتوون لەدەوربەری (كانی بزرە) دەستگیر دەكرێن و دەبرێنە ئەمنی هەولێر.. دوای راپەرین و لەو بەڵگانەی كە بەردەست كەوتوون ناوی ئەم 13 كەسە بەنوسراوی ژمارە(2014) لە 1988/8/25 دراوەتە نەخۆشخانەی هەولێر تاوەفاتنامەیان بۆ بكەن ب

هەروەها لەبەڵگەیەكی تردا كە نوسراوێكی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ئاراستەی بەڕێوەبەری ئەمنی عامەی، ناوچەی حوكمی زاتی كردوە بەژمارە 25163 لەبەرواری 1988/10/29داو بەشێوەی نهێنی و شەخصی ئاڕاستەی م أ ع كراوەو تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە گفت و گۆ تەلەفۆنیەكەدا ئەو سەرژمێریەی داواكرابوو ئەیخەینەڕوو.. لەخاڵی دووەمی نوسراوەكەدا ئەڵێ (19)نوزدە تاوانبار حوكمی ئیعدامیان بەسەردا جێبەجێ كراوە لەلایەن ئەم بەڕیوەبەرایەتیەوە لەبەر ئەوەی خەڵكی ئەو گوندانە بونە كە لەرووی ئاسایشەوە قەدەغە كراون. ئەویش بەپێی بروسكەی ئەمنی رێكخستنی باكور ژمارە 508 لە 1988/6/20...

لەخاڵی سێهەمدا دەڵێ (6) خێزان كە ژمارەیان (18) هەژدە كەسە لەكەس و كاری تاوانبارن ئیعدام كراون ب. كە ئەوەش لەو بریارەوە ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوەو كراوە بەفەرمان بەسەریانەوە بریارەكەش بەژمارە4008/28 لە

1987/6/20دا دەرچووە کەئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر سیاسەتی کوشتن‌و وێران کردن لە 1987/6/22 ەوە لە دێهاتە قەدەغە کراوەکاندا پیادە دەکرێت, ئەم بڕیارەش بەئیمزای علی حسن مجیدو بەناوی(مجلس قیادە الپورە– قیادە مکتب تنقیم الشمال)ەوە دەرچووەو لەخاڵی دووەمی‌دا ئەڵێ. ئەو دیهاتانە وەکو ناوچەی شەڕ دادەنرێن‌و بەتەواوی بوونی مرۆڤو ئاژەڵیشیان تێدا قەدەغەیە.. وەلە خاڵی پێنجەمیشدا دەڵێ هەرکەسێك لەگوندەکاندا بێت , پێویستە بگیرێت‌و لەلایەن دەزگای ئەمنەوە لێی بپرسرێتەوە, هەرکەسێك لەوانە تەمەنی لە (15بۆ 70) ساڵ بێت لەدوای ئەوەی زانیاری پێویستیان لێوەرئەگیرێت دەبێ ئیعدام بکرێن.

دەیان حاڵەتی لەو جۆرەمان هەن‌و بەسەدان کەس بەوشێوەیەو بەکۆمەڵ ئێعدام کراون. کە ئەو نموونانەی باسکران مشتێکن لەخەروارێك..!

ئیتر سیاسەتی کورد قڕان بەوشێوەیە پیادەکراوسەرجەم ئەو خەڵکەی کە لەکردە سەربازیەکەشدا دەستگیرکران‌و بێ سەروشوێن بوون, کورد بە(182) سەدو هەشتاو دوو هەزار دەیخەملێنێت‌و هەندێ جار قسە لەسەر زیاتریش دەکرێت..

میدڵ ئێستن ووۆچ کە ئەویش بە پشت بەستن بەدوو سەرچاوە کە یەکەمیان ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەن کە لەراپەرین دا بەردەست کەوتن‌و دوەمیش گەشتێکی مەیدانی هەردوو لێکۆڵەری مەیدانی جێمێرا روون Jemert Ronو یوست هێلتەرمان Joost Hilterman کە بۆ ماوەیەك لەکوردستاندا ماونەتەوەو چەندین شایەتحاڵیان بینیوە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو کردە سەربازیەدا تیاچوون‌و بێ سەرو شوێن کران لانی کەم بە (50بۆ100) پەنجا تا سەد هەزار کەس دەخەملێنێت.

لەکاتی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی‌و رژێمدا لەساڵی 1991 کاتێ باس دێتە سەر ئەنفال‌و قسە لەسەر ژمارەکەیان دەکرێت‌و نوێنەرانی کورد بە 182000 سەدو هەشتاو دوو هەزار کەس باسی دەکەن.. لەکۆبوونەوەکەدا علی حسن مجید ئامادەی دەبێت‌و کە خۆی سەرپەرشتی راستەو خۆی ئەنفالی کردووە. دەڵێ ئەو ژمارە زۆرە چییە هەموو سەد هەزار کەس دەبوون.

ئەو قسەیەی علی حسن مجید بێگومان ناکرێ بەڕاست وەربگیرێت.. چونکە ئەوان بەتایبەت لەئاست بێ سەروشوێنکردنی ژن‌و منداڵدا هیچ پاساوو بیانوویەکیان بۆ نامێنێ بۆیە هەمیشە خۆیان لەوڕاستیە ئەدزنەوە ئەشێ ئەو ژمارەیەی علی حسن مجید وتویەتی ژمارەی پیاوەکان بێت‌و لای ئەوان پاساوو شەرعیەت بۆکوشتنی پیاوەکان ئاسانترەو دەڵێن بەو بیانوەی کەئەمانە نۆکەری بێگانەبوون, بۆیەسەرباری ئەوەی کەئێستاش یادی ئەنفال‌و سەرکەوتنەکانی‌دەکەنەوە بەڵام هەمیشە خۆیان لەوڕاستی یەدەپارێزن کەبڵێن تەنها منالێکیش لەوکردەیەدا تیا چووە چ جای ئاشکراکردنی ژمارەی ئەو دەیان هەزارا ژن‌و منالەی ئەنفالکراون...

زۆر گومانیشم لەو خەملاندنەی میدڵ ئیست ووۆچ هەیەو ئەتوانم بڵێم بەوخەملاندنە غەدرێکی گەورەیان لەکورد کردووە، چونکە تەنها لەوبەشەکەمەی کەباسی ئیعدام کردن‌و ژمارەی‌ئەنفال کردنی هەندێ لەناوچەکان دەکات لەقۆناغە جیاجیا کاندا نزیکی ئەوخەملاندنەی خۆیانی کردۆتەوە.. هەر بۆنمونە دوو بەڵگەی بچوك باس دەکەم کەدەکرێت لەوێوە قەبارەی ژمارەی ئەنفال بخوێنینەوە..

بەڵگەی یەکەمیان نوسراوێکی ئەمنی سلێمانی‌یە بەژمارە 25163 لەرۆژی 1988/10/29و ئیمزای بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی لەسەرەو ئاراستەی بەڕێوەبەری ئەمنی عامەی ناوچەی حوکمی زاتی کراوە, کەلەپێنچ خاڵ دا باس لەژمارەی

ئیعدام کردن‌و گرتنی خەڵك‌و ڕەوانەکردنیان بۆ زیندان دەکات... لەخاڵێ پێنجەم دا باس لەدوو وەجبەی هاووڵاتی دەکات کەلە مدیریەتی ئەمنی سلێمانیەوە نێردراون بۆئۆردوگای جەیشی شەعبی لەپارێزگای کەرکوك. لەشوێنێك دا (2532) دوهەزارو پێنچ سەدو سیو دوکەس‌و لەشوێنێکی تریش دا (1869) هەزاروهەشت سەدو شەست‌و نۆ خێزان کەکۆی نەفەرەکانیان (9030) نۆ هەزارو سی کەسەوتەنها لەودوو وەجبەیەدا ژمارەیان (11562) یانزە هەزارو پێنچ سەدو شەست‌و دوو کەسە□□ب..

کەئەم ژمارەیە تەنها ئەوانەیە کەلەئەمنی سلێمانی دا ناونوس کراون‌و ڕەوانەی کەرکوك کراون.. ئەی چەند هەزارکەسی تر ڕاستەوخۆ لەشوێنی‌ئەنفال کردنیانەوە لەلایەن یەکەسەربازی یەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ کەرکوك‌و تۆپزاواو بەسلێمانی دا تێنە پەڕیوون.

بەڵگەی دوەمیش کە (میدڵ ئیست وۆچ) خۆی بەپشت بەستن بەڕاپۆرتێکی دەست نوسی ژەنەراڵ زەرب کەخۆی سەرپەرشتی ئەنفالی بادینانی کردوەو لەوڕاپۆرتەی دا بۆ سەرکردایەتی سوپایی ناردووە. نوسیویەتی لەئەنفالی کۆتایی دا (6964) شەش هەزارو نۆ سەدو شەست‌و چوار منالۆو (3368) سیٚ هەزارو سیٚ سەدو شەست‌و هەشت ژن‌و (3063) سیٚ هەزارو شەست‌و سیٚ پیاوو کەسەرجەمیان دەکاتە (13395) سیانزە هەزارو سیٚ سەدو نەوەت‌و پێنج کەس دەستگیرکراون‌و لەقەڵای دهۆك بەند کراون..□□

ئەمە لەکاتێك دا کەبادینان دوای هەموو ناوچەکانی تری کوردستان ئەنفال کرا کە حەتمەن جیاواز تربوو لەوەی کە لەناخافڵۆ بیٚ هیچ زانیاریەك پەلامار بدرێت... هەروەها ناوچەی بادینان هاوسنور بوو لەگەڵ تورکیاداو زۆر کەس خۆیان گەیاندە سنورەکان‌و لەدەست ئەنفال ڕزگار بوون کەمیدڵ ئیست وۆچ ژمارەی ئەوهاووڵاتیانەی ناوچەی بادینان کە ئاوارەی سنورەکان بوون‌و تورکیا لەسەر سنور کەمپی ئاوارەیی بۆکردنەوە بە(65بۆ80)□□ شەست‌و پێنج بۆ هەشتا هەزار کەس ناودەبات, ئیتر لێرەوە قورسایی ئەنفال‌و ژمارەی ئەوانە بخوێنەرەوە کەبەر ئەنفال کەوتن لەقۆناغەکانی ترو لەوناوچانەدا کەهیچ دەروازەیەکیان نەبووبۆ راکردنیش کەتەنها لەناوچەکانی گەرمیاندا لەژمارەی ئەو ئاوارانەی بادینان زیاتر ئەنفال کرا.. وەرە هەشت قۆناغی‌ئەنفال کەقۆناغی کۆتایی لەچاو قۆناغەکانی تردا ژمارەی گیراوو بیٚ سەرو شوێن کراوەکان کەمترن, ڕژێم خۆی پیٚ لە 13395 سیانزە هەزارو سیٚ سەدو نەوەدو پێنج کەس بنیٚ.ئەی ئەگەر ئەو ژمارەیە کەڕەتی هەشت بکەی لەوژمارەیەزیاتر دەردەچێت کە میدڵ ئیست وۆچ خەملاٚندویەتی...هەرچەندە سەرچاوەی ترهەن کەزۆر لەوژمارەیە زیاتر دادەنێن بۆ ئەنفال.. بۆنمونە کەنعان مەکیە کەنوسەرێکی گەورەی عێراقی یەو کتێبێکی بەناوی(القصوه والصمت) لەسەر کردە دڕندانەکانی بەعس دەرکردووەو یەکێکە لەنوسەرە عەرەبە بەهەڵوێستەکان.. لەچاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ڕۆژنامەی (دی تاگس چای تۆنگ)ی ئەڵمانی دا ژمارەی ئەنفال کراوەکان بە(100000بۆ300000) سەدبۆ سیٚسەد هەزار کەس دەخەملێنێت□□.

هەروەها نزارعبدالکریم الخزرەجی کەلەکاتی عەملیاتی ئەنفال دا فەرماندەی فەیلەق بووەو دواتر پۆستی سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی سوپای عێراقی پیٚدراوە ژمارەی ئەنفالەکان بە(250000) دووسەدو پەنجا هەزار کەس دادەنێت□□.

شایەتحاڵەکانی نێوو ئەم کتێبە باسی ژمارەی زیندانیەکانی‌تۆپزاواو دوبزو نوگرە سەلمان دەکەن کە کەسی وایان هەیە دەڵیٚتەنها ئەوزیندانەی ئێمە بەگوتەی زابتەکانی زیندانەکە ژمارەیان گەیشتۆتە (25000) بیست‌و پێنج هەزار کەس... بۆیەمن قەناعەتم وایەکەژمارەی ئەنفالەکان زۆر لەوە زیاترە کەباس دەکرێت.. (4500)چوار هەزارو پێنج سەد گوند

روخێنران گەر هەر گوندێ تەنها (20) بیست هاولاّتی ئەنفال کرابێ لەوژمارەیە زیاتر دەکات.. لەکاتێکدا خێزانی واهەن یان لەبنەماڵە یەکدا تەنها بیست کەسی ئەنفال کراون‌و چەندین گوندمان هەن کەکەس لەگوندەکەدا دەرنەچوەو هەمووی ئەنفال کراوە, کەلانی کەم (30) ماڵی تیا بووە..! بۆیەبەهەر پێوەرێك ئەوڕێژەیە بخەملێندرێت ژمارەکەی زۆر لەوژمارانە زیاترە کەئێستا قسەیان لەسەر دەکرێت... کە ئەوە هیچ لەو راستییەش کەم ناکاتەوە کە رژێمی عێراق سیاسەتی جینۆسایدی بەرامبەر بەکورد پیادە کردووە.. ئیتر ژمارەی قوربانیانی هەرچەنێك بن.

سەرجەم ئەو خەڵکانەشی کەلە کردە سەربازی یەکاندا دەستگیر کران بەچەند قۆناغێك گواستراونەتەوە, لەگوندەکەی خۆیەوە بۆ شوێنی کۆکردنەوەی ناوچەیی‌و دواتر بۆ یەکێك لەسەربازگە نزیکەکانی ناوچەکە کەناوەندی کۆکردنەوەی ئەنفالی ئەوسنورە بوەو پاشان بۆ تۆپزاواو دوبزو نوگرە سەلمان‌و ئەوشوێنانەی کەبۆیان نێردراون...

ئەوەی لەزمانی شایەتحاڵە کانیشەوە تێبینی دەکرێت ئەوەیە  کە عەمەلیەی گواستنەوەکەیان پرۆسەیەکی زۆر خێرابووەو شایەتحاڵی نێوو ئەم کتێبە هەیە  بەسێ ڕۆژ لەگوندەکەی خۆیەوە گەیەندراوەتە  نوگرەسەلمان... هەروەها بەگوتەی شایەتحاڵەکان جگە لەتۆپزاواو دوبزو نوگرەسەلمان, لە ڕووماد‌ی‌و تکریت‌و سەماوەو موسڵ‌و عەرعەریش دا زیندان هەبووە...

لەکاسێتە دەستبە سەراگیراوەکانی عەلی حەسەن مجید یش دا کە بەبەڵگەی زندو دادەنرێت, لە کۆبونەوەیەکی دا لەگەڵ نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس دا پێ لەزۆری ژمارەی گیراوەکان دەنێ‌و ئاماژەش  بەزۆری‌و شوێنی جیاجیای زیندان کردنیان دەکات‌و لەهەمان کات دا پێ لەوەش دەنێ کەلە گۆڕی بەکۆمەڵ دا کوژراون.. بەم شێوەیە قسەدەکات:

(من ئەم خەڵکە بێ  شومارە لەکووێ  دابنێم, بۆیە کەوتمە دابەشکردنیان بەسەر پارێزگاکاندا, ئەوکاتەش بلدۆزەرەکان بەملاو بەولادا بلاّوە پێ دەکەم).

مەبەستی لەبلاّوە پێ کردنی بلدۆزەردا ڕون‌و ئاشکرایە کەمەبەستی ئەوەیە ئەیانکەم بەژێر خۆڵەوەو دەیانکوژم. چونکە لەهەمان کاسێتداو دواتر روونتر قسەدەکات‌و دەڵێ: (من بەبلدۆزەر دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە).

مەسەلەی  گرتن‌و بێ سەرو شوێن کردنی ئەوژمارەبێ شومارەی ژن‌و ومناڵ‌و پیرو پەککەوتەی کورد لەکردەی ئەنفال دا کارەساتێك نی یە بتوانرێت بشاردرێتەوە.. هەرچەندە لەکاتی ئەنفال دا ژمارەیەکی بەرچاو هاوولاّتی کورد  کەژمارەیان لەنێوان (65بۆ80) شەست‌و پێنج بۆ هەشتا هەزار کەس دەبوو, لەناوچەکانی بادیناندا خۆیان گەیاندە سنورەکانی تورکیاو کامپی ئاوارەییان بۆکرایەوە... گەرچی تورکیا زۆر ڕێگریشی دروست دەکرد لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنداو نەیئە هێشت ڕۆژنامەنوسان سەردانیان بکەن بەلاّم لەڕێگەی چەند ڕۆژنامەنوسێکی بیانی یەوە ئەوڕاستی‌یە ئاشکراکراو هەر ئەوکات لەبەشێکی  ڕاگەیاندنەکانی دونیا دا دەنگی دایەوەو لەکیمیا بارانکردنی هەڵە بجەش دا  بەشێك بریندارو شایەتحاڵی زندووگەیشتنە نەخۆشخانەکانی ئەوروپاو بووە سەرباسی ڕۆژنامەکانیش... بەلاّم لەچاو گەورەیی کارەساتەکەو قوربانیانی دا ئەکرێت بڵێین, ئەنفال لەپرۆسەیەکی بێدەنگدا بەڕێوە چوو... هەرچەندە ڕژێمْ لەکەناڵە کانی ڕاگەیاندنی خۆیدا بەئاشکرا تەپڵی سەرکەوتنی قۆناغەکانی ئەنفالی لێ ئەداو لەمانشێتی ڕۆژنامەکاندا بەگرنگی پێدانەوە هەواڵی سەرکەوتنەکانی رادەگەیاند، بەلاّم ئەیویست کەپەردەیەکی چەواشەکاری بەسەر کردەکەدا بدات‌و وای رائەگەیاند کە بنەو بارەگای تێکدەرانی وێران کردووەو ئەوخەڵکە زۆرەش کەدەستگیری دەکردن لەپرۆسەیەکی زۆر خێرادا گەنجەکانی جیا ئەکردەوەو لەتەلەفزیوندا نیشانی ئەدا کەئەمانە هێزەکانی تێکدەرانن‌و خۆیان بەدەستەوە داوە..

چەندین شایەتحاڵ هەن  کەوێنەیکوڕو کەسو کاری نزیکی خۆیانیان بەوشێوەیە بینیوە... شایەتحاڵ (عوزێر وەهاب محەمەد سلێمان) کەخەڵکی گوندی تەرجیلی سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك لەیلانەو لەئەنفال دا لەقادرکەرەم خۆی داوە بەدەستەوەو لە 88/4/10 لەناو مەرکەزی قادرکەرەم  وێنەیان بەکامێرای ڤیدیۆ گیراوە... دواتر دەبرێتە چەمچەماڵو تۆپزاواو پاش  پرۆسەی  جیاکردنەوەی گەنجەکان  دەبرێتە شوێنی گوللە باران کردنولەحدودی سعودیەو دواتر لەناو گۆرە بەکۆمەڵەکەیان دا خۆی دەربازدەکات پاش پەت پەتیو ڕزگاربونی ئەوشەوەی دەگاتەوە کەرکوك لەماڵە خزمێك دا وێنەی خۆی دەبیینێ و زۆربەی ئەوخەڵکەی تریش دەناسێتەوە کەهاوڵاتی گوندەکانی دەوروبەریانن کەچی لەدەنگو باس دا بەوشێوەیە بینیویەتی کەئەمانە( کریٚ گرتەی ئێرانینو)خۆیان تەسلیم کردوٚتەوە.

ئێستا دەکرێت وەك بەڵگەودیکۆمێنت سود لەڕۆژنامەکانی ئەوکاتەی عێراقو ئەوکاسێتە ڤیدیۆیانە وەربگرین.هەرچەندە بۆ ئێستای کوردو ئەم نەوەیەی کەخۆیان لەناو واقعی ئەنفال دا ژیاونو سەرجەم ئەوکارەساتە خوێناویەیان بینیو زۆر بەی پاشماوەکانیان ئێستاش لەژیاندا ماونو ئازاری ئەنفال دەچێژن.. کەهەریەکەیان لەکارەساتی ژیانی خۆیو خێزانەکەیو گوندەکەی خۆیەوە, دیمەنی تەواوی ئەوکردەسەربازی یەی ڕژێمی لەپێش چاوەو هەرگیزیش لەفەرهەنگی دا کاڵنابێتەوە. بەڵام بۆنەوەکانی داهاتومان پێویستە ئەنفال وەك خۆی لەمێژوماندا  تۆماربکەینو بیخوێنینەوە کەجیٚی داخە تائێستا کورد نەتوانی ئەوکارەساتە بخوێنێتەوەو نەتوانیوێتی تۆماریشی بکات بۆنەوەکانی داهاتوو. کەئەمەش بەقەدەر ئەنفال  کارەساتێکی گەورەیە! بۆیەتۆمارکردنی وردو درشتی ئەنفال, سەرگوزشتەی ژیانو بەسەرهاتی هەریەك لەئەنفال دیدەکان زۆر بەزەرور دەزانم.. ئەرکی ئێمەیە ئەمڕۆ وەك نەمانتوانی ئەوکارەساتە بخوێنینەوە.. باهەوڵ دەین ڕۆڵی ئەوکامێرایە ببینین کەچرکەساتی زەمەنێك تۆماردەکاتو لە وێنەیەك دا واقعێك ڕادەگریٚ. بائێمەش هەریەك لەئاستی خۆیەوەو ئەوی پیٚی کرا لەتۆمارکردنی ئەنفال, وەك کەرەستەیەکی خاو بیخە ینە نێو لاپەڕەکانی مێژومانەوە, بەڵکو لەنێو نەوەکانی داهاتومان دا خەڵکانی واهەڵکەون بتوانن  لەئەنفال بگەن.. بائێمە ئێستا ئەو کەرەسەخاوەی ئەنفال کەهێشتا لەزاکیرەمان دا ماوەتەوە تۆمار بکەینو پێشکە شیانی بکەین...

هەروەها لەئێستاش داو بۆ ئێستای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیوناوەندە جیهانیەکانی مافیمرۆڤو مرۆڤ دۆستان  پێویستە ئەوکارەساتە  کەبەسەر گەلەکەماندا هاتو ئەوان لیٚی بێئا گابوون, هەموو ڕوداوەکانو ئەو بەڵگەو شایەتحالآنەی کەهێشتا لەژیاندا ماونو لەبەردەست دان  بیخەینەپێش چاوی کۆمەڵی نێو دەوڵەتیو داوای سزادانی ئەنجام دەرانیشی بکەین..!

گەرچی تائێستا سەرانی ڕژێم ساڵانە یادی ئەنفال دەکەنەوەوپێکی سەرکەوتنەکانی دەنۆشنو حاشایان لەوکردە سەربازییە نییەو  تەنها شت کەئەوان خۆیانی لیٚ بدزنەوە مەسەلەی گرتنو بیٚ سەرو شوێنکردنی ژنومناڵە,

ئەگینا گرتنو کوشتنی هەرچی نێرینەیەکی تەمەن (12–45)ساڵ بەشانازیەوەباسیدەکەنو هەمووی بەتێکدەرو نۆکەروکرێگرتەی بێگانە ناوی دەبەن..

لەلایەك بۆ تۆمارکردنی بەشێکی ئەنفال گەر چەند کەمیش بێت وەك خۆی لەمێژوداو لەزمانی ئەنفال دیدەکانەوەو بەتایبەت دەرخستنیدیوی ناوەوەی ئەنفالو ژیانو چەوساندنەوە ئازاردانی دەرونیوجەستەییژنو مناڵ لەناو زیندانەکان داو لەلایەکی تریشەوە بۆدەرخستنیئەوڕاستیانەی  کەدەیان هەزار  ژنو  مناڵ لەوکردە سەربازیەدا لەگوندەکانو لەسەر ماڵو حاڵی خۆیاندا لەلایەن یەکە تایبەتیەکانی سوپاوە دەستگیرکرانو دواتر لەچارەنوسێکی

نادیاردا بیٚ سەروشویٚن کران.. قسەکانی ئەم شایەتحالاٚنەو ئەوبەڵگەو دیکۆمیٚنتانەی لەم کتیٚبەدا بەرچاودەکەون ئەو ڕاستیانە دەسەلمیٚنن.. کەباشترین بەڵگەش بۆئەوەی کەلەوکردەسەربازیەداژن‌و منالٚ شویٚن بزر کراون نامەی ئەو سەربازە عیٚراقی یە بیٚت کەناوی(عاسی مستەفا ئەحمەد)ە, لەدایك بووی ساڵی 1955 ناوچەی سەنگاوی سەربەقەزای چەمچەماڵەو لەکاتی شەڕی ئیٚران عیٚراق دا سەربازی یەدەك (ئیحتیات) بووە لەڕیزەکانی سوپای عیٚراق‌و لە27 مارتی 1982 لەکەرتی شوش لەلایەن سوپای ئیٚرانەوە بەدیل گیراوەو دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئیٚران– عیٚراق لە1990/8/24 دا وەك دیلی جەنگ گۆڕدراوەتەوە ..□□ ب

کاتیٚ گەڕاوەتەوە, بەئومیٚدی ئەوەی لەگەلٚ خیٚزان‌و مناڵەکانیدا بەیەکتری شادببنەوە کەچی دەبینیٚ هیچ کام لەژن‌و مناڵەکانی نەماون کە خیٚزانەکەی ناوی عەزیمە عەلی ئەحمەدە لەدایك بووی 1955 مناڵەکانیشی ناویان:

چرۆ عاسی مستەفا– کچ– 1979

فەرەیدون عاسی مستەفا–کوڕ– 1981

ڕوخۆش عاسی مستەفا– کوڕ–1982

پیٚی رادەگەیەنن کەخیٚزانەکەی کەوتونەتە بەردەستی هیٚزەکانیسوپای ئەنفال لەکردەسەربازی یەکەی 1988 دا..

(عاسی مستەفا). نامەیەکی پڕ لەپاڕانەوە لەگەلٚ باسکردنی وەزعەکەی خۆیدا لە1990/10/4 بۆ سەدام حوسیٚن سەرۆك کۆماریعیٚراق دەنیٚریٚت وەك دیلیٚکی گەڕاوەی جەنگ.

لەڕیٚکەوتی 29 /1990/10 دا بەنوسراوی رەسمی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو بەئیمزای سەعدون علوان مصلح جیٚگری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عیٚراق بەژمارە ش ع/ب/16565/4 وەلاٚمی نامەکەی ئەدریٚتەوە کەتیایدا هاتووە:

ژنەکەت‌و مناڵەکانت لەسەردەمی عەمەلیاتی ئەنفال دا کەوا لەساڵی 1988 لەناوچەی باکور ئەنجام درا وون بون□□ب.

رەنگە تەنها ئەم نامەیەی ئەوسەربازە عیٚراقی یەو وەلاٚمی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار بەسبیٚت وەك بەڵگەو شاهیٚدی ئەوەی کەلەئەنفال دا ژن‌و منالٚ‌و هاولاٚتی بیٚ دیفاع دەستگیرکراون‌و بیٚ سەرو شویٚن بوون, ئەم بەڵگەیە هیچ پاساویٚك ناهیٚڵیٚتەوە تاڕژیٚمی عیٚراق تاوانباری ئەوخەڵکەی پیٚ بکات کەئەنفال کراون, دەبیٚت گوناهی ژنیٚك‌و سیٚ مندالٚ چی بیٚت کەشەش سالٚ سەرگەورەی خیٚزانەکەیان میٚردی ئەوژنەو باوکی ئەوسیٚ مندالە سەربازی دەوڵەت بووە لەجەنگدا دیل کراوە.. لەجیاتی ناز کیٚشانی ئەوژن‌و منالەو چاودیٚری کردنیان وەك خیٚزانیٚکی بیٚ سەرپەرشت.. کەچی لەبەرامبەردا بەودەردە ببریٚن‌و پاش گرتن‌و زیندانی کردن‌و چەوساندنەوەو برسی کردنی نیٚو زیندان‌و پاشان شویٚن بزریش بکریٚن‌و رەنگە هەر بەزندویٚتی لەچالٚ نرابیٚتن‌و بەشۆفەلٚ خۆلٚ کرابیٚت بەسەریاندا..

دەبیٚ ژن‌و منالٚی چەند لەوسەربازانەش بەودەردە برابیٚتن کەخۆیان ئەوکات لەڕیزەکانی سوپادا خزمەتیان بەڕژیٚم کردبیٚیان ژن‌و منالٚی چەند لەوانەی تیابوبیٚ کەسەربازی سوپای عیٚراق بوون‌و لەجەنگی عیٚراق – ئیٚران دا کرانە قوڕگی شەڕەوەو (مفقود بوون لەشەڕی دژ بە ئیٚراندا)..پاداشتی رژیٚم زندە بەچالٚ کردنی ژن‌و مناڵە کانیان بوبیٚت تەنها لەبەر ئەوەی کوردن...!!

بۆ بەڵگەی جیاکردنەوەی مناڵەکان لەدایك‌و باوکیان لەزمانی شایەتحاڵەکانی نیٚو ئەم کتیٚبەدا ئەڕاستیٚیە بەڕوونی دەسەلمیٚنن چۆن مناڵەکانیان لیٚ جیاکردونەتەوەو هەربۆبەڵگەی ئەوڕاستی یەش کەکراونەتە ژیٚر خۆڵەوە.. قسەی

شایەتحاڵێکی تری زندو دەکەینە نمونەی باسەکەمان کەچۆن دوای گرتنی لەماڵەکەی خۆی دا لەگەڵ دایك‌و کەس‌و کاری داو گواستنەوەیان بۆشوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان‌و پاشان بۆئەو سەربازگەیەی بۆی دیاری کراوەو دواتر تادەگاتە ئەوەی کە براون‌و لەگۆڕی بەکۆمەڵ دا لەگەڵ سەدان مناڵ گوللە باران کراون‌و خۆڵ کراوە بەسەریان دا, ئەم بە ڕێککەوت ڕزگاری بووەو دواتر گەڕاوەتەوەو ئێستا وەك شایەتحاڵێکی زندوو ئەودیمەنە تراژیدیایانە دەگێڕێتەوە... کەئەویش (تەیمور عبدالله)ی تەمەن 8 ساڵەیە کەخەڵکی گوندی (گوڵە جۆ)ی ناوچەی گەرمیانە, خۆی‌ودایکی‌وباوکی‌و3 خوشکی لەگوندەکەی خۆیان لەلایەن فەوجەکانی جاشەوە دەگیرێن‌و لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیان دا بەڕێگەی گوندی (ملە سورەوە) دەبرێن بۆ قەلای قۆرەتوو پاش ماوەی چەند ڕۆژێك مانەوەیان لەوێ دا براون بۆ ( تۆپزاوا) (کنعان مکیە) دیدارێکی درێژی لەگەڵ تەیمور دا سازکردوەو چاپ‌و بلأوی کردەوەو لەنێوەندەکانی جیهان دا دەنگدانەوەیەکی‌گەورەی هەبوو کەتاکەمناڵی دەربازبووی شایەتحاڵی کوشتنی ژن‌و منالأنە لەکردەی ئەنفال دا.. هەرچەندە دەستگیرکردنی دەیان هەزار ژن‌و منالۆ تائێستا نادیاری چارەنوسیان خۆی بەڵگەی حاشاهەڵنەگری کوشتنیانە.. بەلأم وەك شاهێدی عەیان کەبەچاوی خۆی واقیعەکەی بینی بێت تەنها(تەیمورە) کەتائێستا لەژیان دا ماوەتەوەوو لەوچاوپێکەوتنەی دا ئەوە دەگێرێتەوە چۆن لەتۆپزاوا پیاوەکانیان جیاکردۆتەوەو ئەمان لەدرزی دەرگاوە چاویان لێ بووە کەدوودوو بەیەکتری یەوە دەستیان بەستراوەتەوەو جلەکانیان لەبەریان داکەندوەو سواری ئیڤای‌عەسکەری کراون..کەئەوەدواین دیداری باوکی بووە.. پاشان ئەوە دەگێڕێتەوە کەژن‌و مناڵەکانیان خستۆتە ناوسەیارەی (سپی داخراوەوە)و لەسەعات 6 ی بەیانیەوە لەتۆپزاواوە خراونەتە ڕێ بەرەو سنوری سعودیەو شەو گەیشتون کەلانی کەم (13بۆ 14) سەعات لەناو ئەوسەیارانەدابوون هەرسەیارەی بەگوتەی تەیمور (100 ) سەد کەسیان تێ کردووە, کەدەڵێ ئەوەنەیان تێ کردبوو لەگەرمداو لەتینویەتی دا خەریکبوو بخنکێین‌و دەیگێڕێتەوە کە 3 مناڵ لەگەرماو لەتینوێتی دا هەرلەناو سەیارەکە مردون...

دواتر تەیمور بەووردی ئەوحاڵەتانە باس دەکات چۆن لەسەیارەکان دا گیراونەتە خوارەوەو گەرچی شەوبوە ئەم چاڵەکانی بینیوە کەبۆیان کراوە.. نەفەرەکانی ناو هەرسەیارەیەکیان خستۆتە ناو چاڵێکەوەو دەست ڕێژی گوللەیان کردوە بەناویان دا. تەیمور فیشەکێك بەرشانی دەکەوێت‌و دەحەپەسێت لەتاوا لەچاڵەکەدا رادەکاتە دەرەوەو پەلاماری دەستی ئەو سەربازە دەدات کەتەقەی لێ کردوە.. ئەڵێ

(تەماشای دەموچاویم کرد سەیرم کرد خەریکە سەربازەکەش دەست دەکات بەگریان.. دواتر لەلایەن بەرپرسێکەوە فەرمانی پێ دەکریت فڕێی بداتە ناو چاڵەکەوەو تەقەی لێ بکاتەوە.. ئەوکارە ئەنجام ئەدات‌و لەتەقەکردنی جاری دوەمدا فیشەکێکی تر بەرپشتی دەکەوێ بەلأم هیچیان ئێسك ناگرن.. لەناو تەرمەکانداخۆی حەشاردەدات تاسەربازەکان کەمێك دووردەکەونەوە)

ئەڵێ (لەچاڵەکەوە دەرچوم تەماشام کرد شتێك دەجولێتەوە.. کچێك بوو زۆر مناڵ بوو پێم وت هەستە وەرە بابڕۆین.. وتی من لەسەربازەکان ئەترسم ناتوانم بێم...) ئیتر تەیمور ئەوکچە زندوەو سەرجەم ژن‌و مناڵە مردوەکان کەدایکی‌و هەرسێ خوشکەکەشی تیایە جێ دێڵێ‌و لەچاڵەکە دەردەچێت‌و لەچاڵێکی ئەولاترا خۆی حەشاردەدات . پاشان دەبینێ واشۆفلێ خۆڵ دەکات بەسەر چاڵە پڕلەژن‌و مندالەکان داو ئەم دەبورێتەوە(لەهۆش خۆی دەچێ) کاتێ دێتەوە هۆش خۆی کەس لەدەوری نەماوەو بەوشەوەڕێگە دەکات تالەشوێنێك سەگ پەلاماری ئەدات‌و ماڵە ڕەشماڵێکی عەرەب

دەیبەنە ژورەوەو جلەکوردیەکانی دەگۆڕنو (دشداشە)ی لەبەر دەکەنو دوای 3 رۆژ دەیبەنە مالێك لە ( سەماوە ) و بەدزیەوە تیماری دەکەنو ماوەی دووسالێ لەومالەدا ماوەتەوە, کوڕێکی ئەو مالە عەرەبەی سەماوە سەرباز بوە لەگەلێ سەربازێکی کوردا کە هاوڕێ بوونە دەتوانن لەڕێگەی زانیاری تەیمورەوە ناوی خزمانی وەرگرنو پورێکی تەیمور دەدۆزنەوە, لەڕێگەی ئەویشەوە مامێکی تەیمور دەدۆزنەوە لەکەلار کەلە کردە سەربازیەکانیئەنفالدا ڕزگاری بوو بوو..

بەوشێوەیە تەیمور دەگەیەننەوە گەرمیانو دەبێتە شایەتحا لێکی زندووی (زندە بەچالکردنی ژنو منالێ) لەکارەساتی ئەنفال دا, هەروەها لەوڕاپۆرتە دەست نوسەی ژەنەرالێ زەرب کەسەرکردایەتی دواقۆناغی ئەنفالی لەناوچەی بادیناندا کردوەو راپۆرتەکەی ئاراستەی فەرماندەیی گشتی سوپاکردوە ژمارەی ژنو منالی دەست بەسەرا گیراوی دەست نیشان کردوە کەنوسیویەتی ژمارەی ئافرەتی دەست گیرکراو لەپەلاماری باديناندا 3368 سێ هەزارو سێ سەدو شەستو هەشت کەسو ژمارەی منالێش 6964 شەش هەزارو نۆسەدو شەستو چوارکەس.

کە ئەوەش بەلگە یەکی تری حاشاهەلنەگری نێو( وەسائق) ە کانی ڕژێمە کەلەراپەرینی سالی 1991 دا بەردەست کەوتن.

سەرجەم ئەو شایەتحالأنەش کەخۆیان لەناو واقعی ئەنفال دا بوونو زیندانی کرانو سەربازگەکانو زیندانی تۆپزاواو دوبزو نوگرە سەلمانیان بینیوەو ئێستا لەژیاندا ماون, باس لەزۆری ژمارەی ژنومنالێ دەکەن لەزیندانەکان داو چەندین دیمەنیان لەبەرچاوە کەمنالێ لەتینوداو لەبرسا مردوە.

لەبەشی شایەتحالەکانی ناو ئەم کتێبەداو لەزمانی هەریەکەیانەوە ئەو پەت پەتیوشێوازی ئازاردانەیان دەبینن کەچۆن جەنگیدەرونیان لەناو تەلبەندو زیندانەکانیش دا لەگەلێ دا کراوەو تینوو برسی کراونو سەدانیان لەبرسا مردونو چۆن تەرمەکانیان خراوەتە بەردەمی سەگ, هەروەها ڕادەی سوکایەتی پێکردنیان گەیشتۆتە ڕادەی دەست درێژیکردنە سەر ناموسو بەکارهێنانی کچە گەنجو جوانەکان بۆکاری سێکسی.

زابتێکی استخبارات بۆ سەربازێکی کوردی گێڕابوەوە کەلەکاتی کردەسەربازیەکەی ئەنفال دا ئەم خۆی لەگەلێ مقدم هاشم ( زابگ استخبارات قیادە قوات کاچمە) بوە, بەچاوی خۆی بینیویەتی کەلەشوێنێکی کۆکردنەوەی ئەنفال دا لەناوچەی گەرمیان, ئافرەتێك لەناو خەلکەکەدا جوانیەکەی (مقدم هاشمی) سەرسام کردوە, بەسەربازەکانی ووتوە بچن ئەو ئافرەتە بهێنن, کاتێ هێناویانە منالێکیشی لەگەلێ بووە کەلایی پرسیوە ئەمە چیتە, ئافرەتەکە وتویەتی کوڕمە, بەسەربازەکانی وتووەخۆی بکەنە ناو سەیارە سۆپەرەکەی خۆمەوە منالەکەشی بکەنەوە ناو خەلکەکە, کاتێ ویستویانە ئەوە بکەن ئافرەتەکە رازی نەبوە کوڕەکەی لێ جیابکەنەوە, خۆی داوە بەسەریدا بۆیە مقدم هاشم پێی وتون کوڕەکەشی بالەگەلێ بێت, بەپەل ڕاکێشان خستویانەتە ناو سەیارەکەیمقدم هاشمەوەو خۆی لەخانەی دواوەی سەیارەکەی لەگەلێ ژنو منالەکەدا سواربوەو شۆفێرەکەیو ئەو زابتەی قسەکەی گێڕاوەتەوە لەپێشەوەی سەیارەکەی دا بوونە, لەڕێگە مقدەم هاشم دەستی بەسەر ڕانی ژنەکەدا هێناوە .. ئیتر ژنەکە حالی بوە لەوەی کەنیازی چییەو لەمەبستی جیاکردنەوەشی گەیشتوە, کاتێك گەیشتونەتە سەرپردێك کەزابتەکە نازانێ ئەو پردەکوێ بووە . ئەلێ ئاوێکی بەژێردا ئەڕۆیی ژنەکە بەر لەوەی بگەنە پردەکە وتویوتی

( شەرع شەرمی نی یە میزم دێت) مقدەم هاشم فەرمانی کردوە سەیارەکە لەسەرپردەکە راوەستاوە . ئافرەتەکە منالەکەشی لەسەیارەکە داگرتوەو گرتویەتیە باوەشی یەوەو خۆیو منالەکەی لەسەر پردەکەوە هەڵداوەتە ناو ئاوەکەوەو خنکاون .بەم شێوەیە خۆی لەوەپاراستوە کەدەست درێژی بکرێتە سەر ...

مقدەم هاشم یەکێك بوە لەوانەی کەلە کردەی ئەنفال دا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوەو ماڵەکەی لەگەڕەکی ( تەپە)ی کەرکوك بووە هەمو گەڕەکەکە شاهێدی ئەوە ئەدەن کەچەند تالأنی گوندەکانی هێناوەتەوە بۆماڵەکەیو ژمارەی ئەو سەر مەڕو بزنانەی بردونی بەوتەی هاولأتیانی گەڕەکەکە خۆی لە ( 3000 ) سێ هەزار سەر داوە .

سەربازە کوردەکەش خەڵکی کەرکوك بووە هەر ئەو کاتە ئەوڕوداوەی بۆ چەند برادەرێکی خۆی گێڕاوەتەوە, لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕیندا لەکەرکوك ئەم چەند برادەرە خۆیان دەگەیەننە گەڕەکی (تەپە) لەکەرکوكو لەماڵەکەی خۆیدا مقەدەم هاشم بەسزای خۆی دەگەیەنن .

هەموو شایەتحالەکانی نێو ئەم سەرچاوەیەش بەچاوی خۆیان بینیو یانە کەکچە گەنجەکانیان جیاکردۆتەوەو تائێستا چارەنوسیان نازانن, شایەتحاڵ (رحمە عبدالکریم بابایوسف) کەخەڵکی تاوێر بەرزی قادرکەرەمەو لەزیندانی تۆپزاوا بەچاوی خۆی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتی بینیوەو دەڵێ(هەر کە گەیشتینە تۆپزاوا کچێکی زۆرجوان کەناوی بەیان بوو خەڵکی یەکێك لەگوندەکانی قەرەحەسەن بوو تەمەنی هەر چواردە پانزە ساڵێ دەبو عەسکەرەکان پەلاماریان داو هەر ئەو شەوە لەتاوا شێت بوو.. دوای لەقاعەکان بەزنجیر ئەیان بەستەوە بەپەنجەرەکانەوە )

هەرهەمان شایەتحاڵ ئەوە دەگێڕێتەوە کەدوو هەفتە دوای ئەوەی برابوینە (دوبز ) ڕۆژێ کۆمەڵێ قەمەرەی جام ڕەش هاتن دابەزین گشتی عەرەبی (دشداشە) لەبەربو بەناو قاعەکاندا دەگەڕان زابتی قاعەکەی ئێمە پیاوێکی باش بوو ئەیوت من لەناوکوردا بومە لەگەڵمان زۆر باش بوو, هاتو وتی هەرچی کچی جوانو جاهێڵ هەیە لەچکەکان بەدەمو چاوتاندا بئالێنن .. ئەمانە هاتوون هەرکچێ جوان بێتو ئەقڵیان بیگرێ ئەیبەن بۆخۆیان .. وتی من ویژدانم ئەوە قبوڵ ناکات بەلأم هیچ دەسەلأتم نیەیە..! کۆمەڵێکیان جیاکردەوە بردیان ئیتر ئەوانیش وەك زەلامەکان هەواڵیان نازانین ئەوەندە نەبێ کە ئەمساڵ ئەڵێن کە خەڵك چوە بۆحەج ژنەکوردی لەسعودیە بینیوە, وتویانە ئێمە لەئەنفالەکانین.!

هەروەها شایەتحاڵ ( احمەد محمەد عومەر ) کەخەڵکی گوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەلأسێوکەیە دوای ئەوەی بەکیمیایی لەگوندەکەیان دراوە سوپا گەیشتۆتە سەریانو ئەوی زندو بووە ئەنفالی کردون .

(مام ئەحمەد ) کوڕەکەی لەگۆپتەپە بەکیمیایی شەهید دەبێتو کچێکی گەنجی لەگەڵ خۆیدا ئەنفال دەکرێت, دەیگێڕێتەوە کەبردمیانە تۆپزاوا لەوێ کوڕی گەنجو کچە گەنجەکانیان لێمان جیاکردەوە ئەڵێ من خۆم کچێکی گەنجم هەبو لەگەڵم دابوو لەوێ هاتن بردیان چەندە هاوارم کردو ئەویش چەند خۆی نوسان بەمنەوەو پەلمی ڕاکێشا سودی نەبوو, بەپەل راکێشان بردیانو ئیتر هەر ئەو سەعاتەبوو( بڕای بڕ) نەمبینیەوە ...!!

هەروەها (عەلی سابیر کاکەحەمە) لەدایك بووی 1975 گوندی زەردەی ناوچەی قادر کەرەمە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو سەفەرە تاڵەیاندا ئەڵێ (لەدوبز سووکاتیەتیان زۆر پێمانکرد).. رۆژێك رەفیق حیزبی یەك هاتو ئەیویست تەعدا لەژنەکان بکات.. ئێمە کۆمەڵێ هاوتەمەنی من پێکەوبووین قسەمان کردە یەك دامانە بەر بەردو سەریمان شکان.. بەلأم هاتن کەوتنە تەعزیبدانمان زۆریان لێمان دا) تۆمارکردنی ئەو راستیانەو خستنە پێش چاوی مرۆڤایەتیو پاراستنی ئەوشایەتحالأنەی لەناوەوەی روداوەکانی ئەنفال دا بوون و بەئەرشیف کردنی وەك بەڵگەو دیکۆمێنتو هەڵگرتنی

بۆئایندەی کورد, ئەرکێکی گەورەی ئەم قۆناغەو نەوەکانی ئێستایەو لەهەمان کات دا بۆ پێش چاوی ناوەندەکانی مافی مرۆڤو مرۆڤ دۆستانییش پێویستە ئەوڕاستیەیان نیشان بدرێت..

چونکە ئەوەی کەلە ڕاپەڕیندا بەردەست کەوتن وەك بەڵگەو دیکۆمێنت, دران بەو ناوەندانەدا, هەمووی سەلمێنەری کردەی ئەنفال و گرتنی ژن و منالّ و پیاوی بەتەمەنی گوندەکانی کوردستان و شوێن بزرکردنیانن ..! بەلاّم ئەوەی لەزمانی ئەم شایەتحالاّنەوە باس دەکرێت دیوە شاراوەکانی ئەنفالمان بۆ دەگێڕنەوە .. ئەو دیمەنە تراژیدیو دلّتەزێنانەی ئەو دیوی دەرگاداخراوەکان...!

گەرچی زۆربەی شایەتحالّەکان قسەکانیان لەیەك دەچێت کەئەوەش لەروی زانستی لێکۆلّینەوەوە بەلّگەی راستیو واقعی قسەی شایەتحالّەکانە.. هەموویان لەیەك پرۆسەدا گیراون و بەچەندقۆناغێك گواستراونەتەوەو زۆر بەشیان براونەتە سەربازگەی تۆپزاواو لەوێوە دابەش کراون, بۆیە گێڕانەوەکانیان جۆرێك لێك چونیان تیا بەدی دەکرێت .. تەنها هەندێ دیمەنی گرتن و بارکردنیان و ناو قاعەکان لەیەکتر جیایان دەکاتەوە...

شتێکیش کەجێی ئاماژە بۆکردنەو هەلّوەستەی دەوێت ئەوەیە کە چەندشایەتحالّێکیان باس لەوە دەکەن کە ئەو سەربازانەی ( تۆپزاوا) رەنگ و شێوەیان جیابوە.. بەئەندازەیەك هەستیان بە جیاوازی شێوەیان کردوە کەگومانیان هەبێ لەوەی کەئەم سەربازانەی تۆپزاوا عێراقی نەبوبێتن ..!

هەرچەندە هیچ زانیاری و بەلّگەیەك لەبەر دەستدا نییە کەولاّتێکیتر راستەوخۆ بەبەشداری سەربازی پشتگیری عێراقیان کردبێ لەپرۆسەی ئەنفالدا.. گەرچی وولاّتانی کەنداو بەگشتی کۆمەکی مادیو پشتگیری مەعنەوی عێراقیان کرد, بەلاّم بەشداری سەربازی تائێستا هیچ زانیاریەکی ورد لەوبارەیەوە بەردەست نەکەوتوە تەنها چەند شایەتحالّێکیان بەزمانە سادەو ساکارەکەی خۆیان بەبەرائەتەوە باس لەجیاوازی دەم و چاوو خوێن و رەفتاری ئەوسەربازانەی تۆپزاواو ئەوانیتردەکەن ... بۆنمونە شایەتحالّ ( بەهیە احمد قادر) کەلەدایك بووی 1913 لەگوندی زەردەی ناوچەی جەباری یە. کاتێ روداوەکانی گرتن و زیندانی کردنیان دەگێڕێتەوە .. باس لەبێ ویژدانی و زالّمی ئەوسەربازانەی (تۆبزاوا) دەکات کەچۆن منالّی کۆرپەیان لەباوەشی دایکی دا جیا کردۆتەوەو ئەلّێ (کۆمەلّێ عەسکەر ڕەزاگران هاتن, خوێنیان گەلێ تالّ بوو لەوعەسکەرانە نەئەچون کەهاتن گرتمانیان)

هەروەها شایەتحالّ(رحمە عبد الکریم بابا یوسف) لەگێڕانەوەی شێوازی گرتنیان و ئازاردانیاندا ئەلّێ (کەگەیاندینیانە تۆپزاوا مەعەسکەرێکی گورەبوو. بەجەیشێکی زۆر دەورەدرا بوو هەموو قاعەقاعەی درێژبوو دامانیان گرت کۆمەلّێعەسکەرهاتن شێوەیان بەعێراقی ناچوو هەمو رەش رەش لچ قەوی بوون ..زۆرزاڵمانە منالّەکانیان لێمان سەند).

شایەتحالّیکی تریش بەناوی ( محەمەد عەلی محیی الدین لەدایك بووی 1926 بانگۆل) دەگێڕێتەوەو دەلّێ ( عەسکەر ملقەوی ئەهاتن بەناو ئەو ژن و منالاّنەدا ئەگەڕان گالّتەیان پێمان ئەکرد. مۆڕەیان ئەکردو جنێویان پێمان ئەدا, ئەوەندە ڕەش و ناشرین بوون لەئۆمەتی ئەم زەمانە نەئەچون)

جگە لەگێڕانەوەی ئەم شایەتحالاّنە هیچ بەلّگەیەکی سەلمێنراو نییە بۆبەشداری ڕاستەوخۆی سوپای هیچ ولاّتێکی تری عەرەب لەکردەی ئەنفال دا . کەدورنی یە قسەی ئەو شایەتحالاّنە راست بێت و رۆژێك بێت ئەوراستی یە روون بێتەوە..!!

ئەشێ زیاتریش کەشایەتحالّەکان تەرکیزیان لەسەر تۆپزاواو باسی زولّم و زۆری ئەوسەربازانەدەکەن.. رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کەبڕیاری لەیەك جیاکردنەوەی ژن و منالّ و پیاوەکانیان و کوڕو کچە گەنجەکان لەوێ جێبەجێ کراوە

ئەوئازاری لێك جیاكردنەوەیە ئەوهەستەی لا دروست كردبن‌و دڕندەیی ئەوهێزەی كەئاگری لەگوندەكەی بەرداو پەلكێشی زیندانی كرد لەچاوزاڵمی‌و چەوساندنەوەكانی تۆپزاوادا .. قەناعەتێكی لادروست كردبێ كەئەم سەربازانە ڕەنگ‌و شێوەیان جیاواز بوەو پێی وابێ سەربازی وڵاتێكی ترن ...!!

بەهەرحاڵ هەركامیان بێت هیچ لەو راستی یە كەم ناكاتەوە كەلەتۆپزاوا گەورەترین ئازاری دەرونیان دراوەو بەبەرچاویانەوە كوڕە گەنجەكانیان دوو دوو باڵبەست كردوەو خستویانەتە سەیارەوەو بۆدوا جارئەوە دیمەنی ئازیزانیان بووە.. هەروەها وەك شایەتحاڵ ( محه مەد عەلی محیی الدین ) ئەڵێ (بەردەوام ئەپاڕاینەوە ئەمان ووت خوایە شەرەفەكەمان نەخەیتە بەردەست پیاوی نامەرد..) لەتۆپزاوا كچە گەنجەكان لەلایەن سەربازەوە پەلكێشی قاعەی جیاواز كراون‌و براون بۆ شوێنی نادیار, كەئەوەیان لەناخەوە ئازاری رووحی هەریەك لەئەنفال دیدەكان دەدات.. جیاكردنەوەی مناڵەكانیشیان كارەساتێكی تربووە كەلەدوای جیاكردنەوەی پیاوەكان‌و كچە گەنجەكان مناڵە كانیشیان لێیان جیاكردۆتەوە.. كەشایەتحاڵەكان هەریەك بەجۆرێك باس لەو جیاكردنەوەیە ئەكەن.

شایەتحاڵ ( رەحمە عبدالكریم بابا یوسف) ئەڵێ ( زۆر زاڵمانە مناڵەكانیان جیاكردەوە مناڵ بەزۆر خۆی ئەنوسان بەدایكی یەوە بەپەل ڕاكێشان‌و تێهەڵدان جیایانیان كردەوە, نازانم رەحمی‌خوا لەدڵیان نەبو چی.؟ شەقی وایان لەمناڵ هەڵئەدا بەخوا پێنچ شەش مەتر ئەڕۆیی, ئینجا مناڵ شیرەخۆرەو بەرمەمكەكانیشیان لێمان ئەسەند, ژن خۆی ئەنوسانە كۆرپەكەیەوە خۆمان ئەدا بەزەوی‌داو مناڵەكەمان ئەخستە ژێر خۆمانەوە بەقژ ڕاكێشان بەرزمانیان دەكردەوەو مناڵەكانیان گشتی لێمان سەند.. هاواری دایك‌و نزوللەی مناڵ گەیشتە كەشكەلانی فەلەك, من خۆم مناڵێكی یەك ساڵەو مناڵێ بەرمەمكم بوو لێمیان سەندو بەبەرچاوی خۆمانەوە مناڵەكانیان پەلكێش كردو كردیانە یەكێ لەوقاعە گەورەو درێژانەوە, كورە قەت ناتوانم باسی نوزەو هاواری ئەو مناڵانەتان بۆبكەم.. ئەتوت پەپولەن لەناو پەنجەرەی قاعەكەوە سەیریان ئەكردو قیژو قاویان بوو.. قاژەی جەرگمان ئەهات بۆیان, بەخوا درۆنی‌یە گەربڵێم گوێم لەقرچەی جەرگی خۆم بوو بۆمناڵەكانم ئەسووتا)

شایەتحاڵ( محەمەد عەلی محی‌الدین) ئەڵێ هەریەكەم شەوگەیشتینە تۆپزاوا. هەرچی مناڵ هەبوو بردیان مناڵی كۆرپەیان بەپەل ڕاكێشان لەباوەشی دایكی ئەڕفان.. ئەوشەوە قیژەو هاواری ژن‌و مناڵ گەیشتە (عەرشی عەزیم) بەڵام كەس بەفریامان نەكەوت. شایەتحاڵێكی‌تر كە ئێستا ئیمام‌و خەتیبی مزگەوتی پیریادیەكانە لەئۆردوگای شۆڕش‌و ناوی ( سامان عوسمان فرەج) لەدایك بووی 1977 لەگوندی سەرقەڵای ناوچەی سەنگاوە, لەكاتی ئەنفالەكەدا تەمەنی 11 یانزەساڵان بووە ئەڵێ (ڕۆژێك ئێوارەكەی بوو هاتن هەرچی مناڵ هەبوو لەقاعەكەی ئێمەدا بردمانیانە دەرەوەو خستمانیانە ناوقاعەكەیەوە, من عومرم 11 ساڵان بووبەڵام مناڵی وایان هاوردبوو قنۆركە بوو.. ئەو ڕۆژەم قەت لەبیرناچێتەوە.. نازانم ئێستاش تێناگەم مەبەستیان چی بوو لەوجیاكردنەوەیە.. چی بێ ویژدانیەك بوو.. قیژەو هاواری مناڵ دنیای كاس ئەكرد بەڵام ئەوان هەر خۆشیان تێك نەدا..)

( بەهیە احمەد قادر ) شایەتحاڵیكی ترەو ئەڵێ ( لەناو قاعەكە كەوتنە مناڵ جیاكردنەوە هەرچی مناڵ هەبوو بەپەل راكێشان بردیان .. بەخوا من بوكێكم 3 مناڵی پێبوو بچووكەكەیان تازە لەدایك بوبوو بردیان.. دایكی خۆی دابووە سەر كۆرپەكەدا ئەو عەسكەرە ڕەزاتاڵانە هەر بەقژراكێشان بەرزیان كردەوە مناڵەكەیان برد.. زیرەی مناڵ گەیشتە لای خوا ..

بەڵام ئەمان ویژدانیان نەبوو بوو بە شیوەنێك ئەتووت بەلای جەنازەوە دانیشتوین .. ژن هەبوو لەتاو جەرگەكەی سەری خۆی ئەدا بەو دیوارانەدا.. هەرشێت بوون لەتاوا..)

پێدەچێت لەماڵەكەی خۆیانەوە تادوا مەنزڵی ئەوسەفەرەیان كە زۆربەیان هەرنەگەڕانەوەو بوو بەدوا سەفەریان تاڵترین ڕۆژانیان (تۆپزاوا) بوبێت.. چونكە كەباسی تۆپزاوا دەكەن هەناسەی قوڵ هەڵدەكێشنو پیٚ دەچێت ناوهێنانی وشەی تۆپزاوا ئازاری ڕۆحیان بدات.

هەرلەدرێژەی قسەی شایەتحاڵەكاندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی جگە لەجەنگی دەرونیو ئەو چەسانەوە روحییەیان ئازاری جەستەیش دراون. بەسەر ماكردنو گەرماكردنو بەتینوو كردنو برسی كردن.. بەبلاوكردنەوەی نەخۆشی لەناویانداو تائەوساتەی كەتەرمەكانیشیان بخرێتە بەردەم سەگەوە.

(رەحمە عبدالكریم بابا یوسف) شایەتحاڵی نێوزیندانەكان لەدرێژەی باسی ئازاردانیان دا دەڵیٚ (هەر یەكەم شەو وەك رانەمەڕ ترانجانمانیانە قاعەیەكەوە هەموو وەك مەیت بەسەر یەكتریدا كەوتبوین. بەوحاڵەشەوە سۆندەیان كردەژورەوەو ئاویان كردە ژێرمان هەرڕەق بووینەوە)

( محەمەد عەلی محی الدین ) كەشەش مانگ لەزیندانی نوگرە سەلمان بووە دەڵیٚ( هەموو تینوو برسیو رەزیل كەوتین. تەنها یەك شەوێك (45 ) كەسمان لیٚ مرد.. ڕۆژی یەك سەمونی رەقیان ئەدا پێمان.ئاوێكیان ئەدایني وەك ژەهر تاڵ بوو نازانم بەدەرمان تاڵیان ئەكرد یاخۆی وابو .. بڕواناكەم ئاوی خوا وا تاڵبێت لەوەئەچو دەرمانیان تیٚ كردبیٚ, بەوگەرمایەی ئەویٚ لەتەموزدا كەمەگەر جەهەنەم وابیٚ ڕۆژی یەك جار ئاویان ئەدا پێمان ئەویش لەقرچەی گەرماكەی نیوەڕۆدا ئاوێكی گەرم, زۆربەی شایەتحا ڵەكانی زیندانی ( دوبز ) یش ئەوراستیەمان بۆ دەگێڕنەوە كەنەخۆشی لەناویاندا بلاوكراوەتەوەو بووتە هۆی مردنی منالاْن.

( رەحمە عبد الكریم بابا یوسف ) دەڵیٚ ( رۆژێك هاتن بەفیشقە دەرمانێكیان بەسەرماندا رژان.. نەمانزانی چی بوو.. خوا ئاگادارە ڕۆژیٚ دوای ئەوە دارو بەردی ئەو قاعەیەبوو بە( ئەسپیٚ) ئەسپیٚ یەكی زللە كلكی هەبوو, منالٚ توشی نەخۆشی بوو گشتی پێستی بوە زام.. تومەس هی ئەو دەرمانەیە منالٚ گەڕو گول بوو لیٚی كەوتە مردن).

سامان عوسمان فەرەج كەخۆی شایەتحاڵێكە ئەو حاڵەتی بلاوبوونەوەی نەخۆشی یەی بینیوە ئەوكاتە خۆی 11 ساڵان بووە ئەڵیٚ ( لەدوبز خواردنمان باشتر بوو نانو شۆرباو چایان ئەدا پێمان بەڵام نەخۆشی یەكی خراپ لەناو منالاْندا بلاوبوەوە.. منالێكی زۆرمردن من دوو خوشكو برایەكم مردن ڕێزان تەمەنی دووسالٚ بوو سۆزان تەمەنی یەك سالٚ بوو یوسف چوارسالاْن بوو, توشی ئەونەخۆشیەبون زۆر لاواز ئەبون پێستییان ئەنوسا بەئێسكیانەوە)..

( ئەسمەر عبدالعزیز لەدایك بووی – 1962 – داولٚ– ناحیەی قادركەرەمەو وەك شایەتحاڵێك سەبارەت بەمردنی منالاْن ئەڵیٚ( منالٚ گشتی نەخۆش كەوت, من منالێكم توشی نەخۆشیبوو. نازانم نەخۆشیەكە چی بوو.. هاتن لێمیان سەند.. نازانم سوتانیان چیان لیٚ كرد. كەهاتن لیٚم سەنن خۆی نووساندبوو بەسنگمەوە, منیش ئەمویست نەیاندەمیٚ, ئەوزابتەی كەهات بیبات هەتا خۆی توانی یەك زللەی دایە بنا گوێم دا ئاگری لەچاوم بەردا.. منالەكەیان برد ئێستاش كزەی هالەرجەرگمدا كەبەحالٚ چاوی هەڵبڕیو لێوی دا بەیەك داو یەك دووجار وتی: (دایە ).. ئەومنالەی خۆمو 3 برازام مردن)

لەیەكیٚ لەوبەڵگەنامانەی كەلەراپەڕیندا دەستی بەسەرا گیراوەو ئەوراستیانە دەسەلمێنی وەك لێرەدا دەیخەینە روو كەنوسراوێكی وەزارەتی تەندروستی حەیاتی ( وەفاتنامە) بەژمارە 49229 گ/1 بەرواری رێكخستن 1988/4/17 ناوی

مردوەکە (هەڵۆ انور احمەد)ە وناوی دایکی (لەتیفە قادر عەبداللە)و تەمەنی منالەکە دوسالانە و لەکاتژمێری 2.5 رۆژی یەك شەمە مانگی 4 سالی 1988 لەدوبز مردوە بەنەخۆشی سیل لەگەڵ پەککەوتنی دڵ..

وەفاتنامەکە (د. سەناء فارس حامد) ئیمزای لەسەر کردوە ب.. کەخەڵکی ناوچەی زەڕایەنی سەربە پارێزگای سلێمانین‌و لە 88/3/15 لەکردەی ئەنفال دا دەستگیراون‌و ڕەوانەی تۆپزاواو پاشان سەربازگەی (دوبز) کراون..

ئەوشایەتحالانەی کەتەمەنێکیان لەنوگرە سەلمان دا بردە سەرو مردنی هەزاران کەسیان بەچاوی خۆیان بینیوەو وەك ئەڵێن تینوێتی‌و برسیەتی برستی لێ بڕیبون‌و زۆری لەگەرماو لەتینودا خنکاوەو لەبرساوشك بونەتەوەو ئازاری دەرونیان دراوە.. شایەتحاڵەکان باسی ئەوە دەکەن کەمانگی ڕەمەزان بوە براونەتە نوگرە سەلمان ئەمان بەو پێیەی کەموسڵمان بوون‌و هەموو تەمەنیان بەخوا پەرستی یەوە بردۆتە سەر, ئەڵێن سەرمان بچوایە نوێژمان نەئەچو . بەلام ڕێگەی نوێژگردنیان نەداون بەوەی ئاویان نەداوە پێیان بۆدەست نوێژ هەڵگرتن بەوشێوەیە نوێژیان پێان تەرك کردوە.

بەلام ئەمان هەربەڕۆژوبونە سەرباری ئەوبرسی کردنەیان کەڕۆژانە یەك سەمونی ڕەقیان داوەپێان هەڵیانگرتوە بۆ فتارکردنەوە.. وەك ئەم شایەتحالانە باسی دەکەن ..

شایەتحالْ( بەهیە احمەد قادر ) کەپیرەژنێکی تەمەن 75 سالْ بووە ئەڵێ (ئەوزاڵمانە بۆئەوەی نوێژو ڕۆژوەکەمان پێ تەرك بکەن, ئاویان نادا پێمان بۆدەست نوێژ هەڵگرتن.. بەلام تەیمومان ئەکرد ..جاری وابو لەسەر نوێژەکە ئەمانیان دایە بەرشەپەلاخ- بەوحالە نەیانهێشت نوێژبکەین, دوای ئەیانزانی خەڵکەکە بەڕۆژەوە . لەقرچەی گەرماکەی نیوەڕۆدا یەك سەمونی رەق‌و قوتویەك ئاوی گەرمیان ئەداپێمان.. هەڵمان ئەگرت بۆ مەغریب تافتاری پێ بکەینەوە, هەرنیوەڕۆ قەدەرێ دوای ئەوەی ئەیان دا پێمان ئەهاتن تەفتیشیان ئەکرد ئەوەی سەمون‌و ئاوەکەی هەڵگرتبو ئەیانزانی بەڕۆژووە لێمانیان ئەسەندەوە ئیتر ئەبو تاسبەی نیوەڕۆ هەربنوزێیتەوە.. خوابیان گرێ خەڵکیان گشت بەو دەردە کوشت)

(محەمەد عەلی محی‌الدین) تەمەن 62 سالیش شایەتحالێکی‌تری‌ئەو واقیعەیە دەڵێ(بەوگەرمایەی ئەوێ کەمەگەر جەهەنەم وابێ ڕۆژی یەك جارئاویان ئەداپێمان.. ئەویش لەقرچەی گەرماکەی نیوەڕۆدا ئاوێکی گەرم‌و یەك سەمونی رەق, ئیتر ئەوە هەموو خواردنت بوو.. دوای سەعاتێکیش ئەهاتن تەفتیشیان ئەکرد.. ئەیانزانی‌ئێمە هەندێکمان بەڕۆژوین, سەمون‌و ئاوەکەیان لێمان ئەسەندەوە, کەهەڵمان گرتبو بۆفتار.. ئەوکافرانە ئاوهانوێژو ڕۆژویان لێمان قەدەغەکرد)

شایەت حالْ سالْح رەزا شریف بەهەمان شێوە شایەتی لەسەر ئەو حالەتە ئەدات‌و ئەڵێ (یەکەم جار ئاویان زۆر ئەدا پێمان... بەشی تارات‌و دەست نوێژەکەمانی ئەکرد.. بەلام ئەو زالمانە پێیان ناخۆشبوو نوێژ بکەین.. نازانم گاور بوون.. چی بوون..!؟ ئاوەکەیان لێمان بڕی‌و کەمیان کردەوە تەنهایەك قوتویەکی بچووك ئاو بۆ رۆژێك, ئیتر وەرە بەسەموونێك‌و ئەو ئاوە بژی... وەك نەیان هێشت نوێژەکە بکەین بەلام هەر بەڕۆژو ئەبووین.. ئەمانووت بەڵکو ئەمە خوا بکات لەنزیك مەرقەدەکەی محمدین‌و خوا بەزەی پێمان دا بێتەوە. بەلام کابرایەکی لێبوو ناوی (حەجاج)بوو زاڵم وەك ئەوە نەبوو.. چی پێمان کرد.. کەزانی خەڵکەکە بەرۆژووە.. بڕیاری‌دا لەگەرماکەی نیوەڕۆدا سەموونەکەو ئاوەکەمان بدەنێ.. دوای قەدەرێ ئەهاتنەوە ئەوەی هەڵمان گرتبوو بۆ ئێوارە لێمانیان ئەسەندەوە..)

هەموو شایەتحالەکانی نوگرە سەلمان لەوەدا یەکدەگرنەوە کەڕۆژانە تەنها یەك سەمونیان داوە پێیان‌و ئەویش سەمونێکی زۆر ڕەق بووە و ناچاربون کەلەئاودا بیخوسێنن یاخود بەبەرد بیکوتن‌و وەك ئاردبیخۆن.

ئەوەی کەلەهەموشت زیاتر لەناخیاندا ڕەگی داکوتاوەو چۆن ئەیاندوێنی باسی ئەکەن ئەوڕێژە بەرچاوەی مردن بوە بەپێش چاویانەوە کەدەڵێن شەوڕۆژی واهەبوە گەیشتۆتە (100)کەس.

(محەمەد عەلی محی الدین) وەك شایەتحاڵێکی زندو دەڵیٚ (لەویٚ کرابوین بەقاتع قاتعەوە .. ئەوقاتعەی منی لیٚ بوم یەکەم جار بەحساب خۆیان (8000 هەشت هەزار کەس بوین ) تائێمە بەربوین بەقسەی خۆیان (7000هەزاری مردبوو)..

(سابیر جبار عزیز خەڵکی گوندی گۆلباخ) شایەتحاڵێکی ترەو لەبەسەرهاتی نوگرە سەلماندا ئەڵیٚ (برسێتیو تینوێتی خەڵکەکەی رەزیل کرد, گاورمان پیٚ موسڵمان ئەبوو, خەڵکەکە لیٚی کەوتە مردن شەوڕۆژی واهەبو (100 سەد کەس ئەمرد)...

هەریەك لەم دوو وەفاتنامەیە شایەتی ئەوڕاستیانەی قسەکانی شایەتحاڵەکانن.. کەبەنوسراوی وەزارەتی تەندروستی – بەڕێوەبەرێتی ئامار, ژمارەی ئەسڵی شەهادەکە 159182 بەرواری ڕێکخستنی 1988/9/20 ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی شارەوانی هەڵەبجەی تازەکراوەب. تیایدا هاتووە کەپشتگیری ئەوە دەکەین ئەومردنەی لەخوارەوە زانیاریەکانی تۆمارئەکەین .. لەلای ئێمە لەسجلی مردواندا لەژێر زنجیرەی 302 ی ساڵی 1988 تۆمارکراوە:

ناوی مردوەکە:ئەنوەر

جنس: نێر

ڕەگەزنامە: عێراقی

تەمەن : 24 ساڵ

دین : موسڵمان

ناوی باوك: عارف ئەحمەد

ناوی دایك : ئامینە حوسێن ئەحمەد

بەرواری مردن بەژمارە: 1988/9/6 بەنوسین : شەشی ئەیلولی ساڵی 1988 .

شوێنی رودانی مردنەکە : فەرمانبەرایەتی (قەلأی سەلمان) نوگرەسەلمان.

هۆی مردنەکە : ڕاوەستانی کتو پڕی سوری خوێن لە ئەنجامی لەبەرچونی(نەزیف)ی ناوخۆیی.

ناوی هەواڵهێنی مردنەکە : ئەفسەری ئاسایشی ( قلعه سلمان).

ناوی ڕێکخەر: م. گبی . فاچل عباس المشهدانی. بەروار 1990/4/17

ناوی دکتۆر : سمیر ودیع شاکر.کە ئەو بەڵگەیەی سەرەوە قسەی شایەتحاڵ (ساڵح رەزا شەریف) دەسەلمێنیٚ کە دەڵیٚ (پێش ئەوەی کە ئێمە بێینەوە وەجبەیەکیان هێنا هەمووی هەڵەبجەیی بوون, ئەوانەبوون کە لەکیمیاباران کردنەکەی هەڵەبجەدا چووبوونە سنوورەکانی ئێرانو حکومەت بەناو (عافواتی) بۆیان دەرکردبوو.. ئەوانیش هاتبوونەوەو خۆیان تەسلیم کردبوو.. هەموویانی گرتبوو هێنایانی بۆ نوگرە سەلمان).

هەروەها بەڵگەیەکی تری وەفاتنامە, ئەوراستیانەمان بۆ دەسەلمێنیٚ کە منالٚی کۆرپەش براوەتە نوگرە سەلمان لەویٚ دا حجز کراونو چەندیان لەتینواو لەبرساو بەهۆی نەخۆشی یەوە مردون .

وەفاتنامەی ژمارە 75974 گ/1 بەرواری 1988/6/5 کە لەووەفاتنامەیەدا ناوی تەواوی مردوەکەو کاتو شوێنی مردنەکەیو هۆکارەکەی بەوشێوەیە تۆمارکراوە.

**ناو: ڕێبوار نجم الدين شهاب .**

**ڕەگەز : نێر**

**ڕەگەزنامە : عێراقی**

**ئاین: موسڵمان**

**پیشە: منالی دەست بەسەراگیراو**

**بەرواری لەدایك بوون :** 1986/7/1

**شوێنی لەدایك بوون : قەزای چەمچەماڵ**

**شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی: ناحیەی قادر کەرەم.**

**شوێنی مردنەکە: (قلعە سلمان)**

**بەرواری مردنەکە :** 1988/6/5

**هۆکاری مردنەکە : هاتنە خوارەوەی خێرایی سوڕی خوێن لەدەزگای هەناسەدان لەئەنجامی هەوکردن .**

**مردنەکە ڕوویدا لە : ( فەرمانبەرایەتی سجن قلعە سلمان)**

**ناوی پزیشك : سمیر وديع شاکر**

**مۆری بەڕێوەبەرێتی تەندروستی پارێزگای المپنی زانیاریەکانی ئەم وەفاتنامەیە بەپێی نوسراوی ئەفسەری ئاسایشی ( قەلا) ڕێکخراوە لەژێر ژمارە (100) لە 1988/6/5 بۆ ئاگاداری مردوەکە هیچ بەڵگەنامەیەکی رەسمی نییە ب.**

**ئەوەی کەلەکارەساتی ئەنفال زیاتر کاریگەری روحی لەناخی شایەتحاڵەکان دا جێهێشتوە ئەوەیە کەتەرمی مردوەکان دراونەتە دەم سەگەوەو سەرجەم ئەوشایەتحاڵانەی کەچونەتە نوگرەسەلمان و گەڕاونەتەوە.. بەسەر سامی‌یەوە ئەوحەقیقەتە تاڵە باس دەکەن..**

**محەمەد عەلی محی الدين دەڵێ ( ئەو غەیرە دینانە کۆمەڵێ سەگیان هێنابوو یەکی ئەوەندەی وورچێك ئەبوو.. وەك عەسکەرەکانی تۆپزاوا رەش بوون.. جەنازەی مردوەکانیان ئەخستە بەر ئەو سەگە رەشانە .. من خۆم چەند جار سەرە زەلامم بينیوە بەدەم سەگە ڕەشەکانەوە )**

**( جوامێر حمە سەعید حمە صالح لەدایك بووی ساڵی 1975 .. یەکێکی ترە لەشایەتحاڵەکانی زیندانەکانی تۆپزاواو نوگرە سەلمان دەڵێ ( ئێمە منالێ بوین سەرمان ئەکرد بە هەموو کونێکاو خەبەرمان بۆپیرەکان ئەبردەوە, ئێمە ئاشکرامان کرد کەمردوەکانمان ئەدەنە( سەگە ڕەشەکان ) کۆمەڵێ سەگی زۆر گەورەو دڕبون .. لەدەوری قاعەکانمان بوون هەریەکێ بمردایە تەرمەکانیان ئەخستە بەردەم سەگەکان .. سەرەتا خەڵك کەم ئەمرد, هەر یەك و دوو سەگەکان هەڵیان ئەدڕی و هەرئێسکەکەیان ئەهێشتەوە.. بەلام دوایی مردوو ئەوەندە زۆر بوو بوو سەگەکانیش لێی بێزار بووبوون)**

**(نەجمە قادرعەلی – قەرە چێوار- شایەتحاڵێکی ترەو بەم جۆرە باسی ئەوسەگانەمان بۆ ئەکات.**

**( حەجاجێك بوو ئەتووت سەگ هارە بۆ گیان ئەو خەڵکە.. کۆمەڵێ سەگی ڕەشی هێنابوو ئەتووت دێون, ئەیانووت نانیان نادەینێ بۆ ئەوەی برسی بن بەشکە ئێوە بخۆن ).**

**( فەوزیە محمود ئەشرەف خەڵکی گوندی کارێزەی دەلۆ) کە 7 مانگ لەنوگرە سەلمان ماوەتەوە ئەڵێ( من خۆم سەگم بینی سەری زەلامی بەدەمەوە بوو- سەگی چی تائێستا سەگی واگەورەم نەبینیوە). ساڵح رەزا شەریف- شایەت حاڵێکی**

ترەو ئەڵێ (بەخوا هەموومان خۆزگەمان بەوانە ئەخواست کە ئەمردن.. بەڵام تەنها شتی کە بەلامانەوە مەبەستبوو ئەوەبوو کە بەدەستووری ئیسلامی بمانێژن‌و کفن‌و دفنمان بکەن.. لەزابتەکانمان ئەپرسی کە مردووەکانمان کفن ئەکەن.. پێمانیان ئەوت ئا بەلام کفنی رەش نەك سپی... ئەمانووت خوایە ئەمە ئەبێ مەنای چیبێت...

کاتی زانیمان کە مردووەکانمان ئەدەنە دەم سەگەوە, کە کۆمەڵێ سەگی رەشی زۆر گەورەی لێبوو..ئیتر حاڵی بووین مەبەستی لەو سەگانەیە کە ئەیانووت کفنی رەشتان بۆ ئەکەین).

( ئەحمەد محەمەد عومەر ) دەڵێ ( بەم دوادوایە واوشك بوبوینەوە هەرئێسقانەکەمان مابوو سەگەکانیش پێمان رازی نابوون.. ناهەقیشیان نەبوو ئێ گۆشت بەگیانمانەوە نەمابوو)

(بەهیە ئەحمەد قادری 75 ساڵ)و شاهێدی زندوی ئەنفال‌و زیندانی نوگرەسەلمان لەگێڕانەوەی چیرۆکی ئەوسەفەرە سەختەیان دا بەم جۆرەلەوحاڵەتە ئەدوێ...(ئەوەی ئەمرد مەیتەکەیان ئەبردو ئیتر نەمان ئەزانی چی لێ ئەکەن, خەمی ئەوەمان بوو ئەم زاڵمانە خواناناسن‌و ڕەنگە کفن‌و دفنی مردوەکانمان نەکەن .. کەچی دوایی زانیمان کەجەنازەکانیان هەر لەدەرەوەی سجنەکەئەخستە بەردەم سەگ. سەگ چی سەگ ئەتوت قیرن .. بەخوا هەریەکی ئەوەندەی دووسەگی لای خۆمان ئەبون نازانم لەکوێوە هاوردبویان ئەم سەگانە مردوو خۆر بون هەرڕۆژەی خوا لاشەی کۆمەڵێکی ئەکردە نیسیبیان .. ئیتر ئێمە نۆرەمان بۆ ئەوە گرتبوو کەی بەرماندەکەوێو دەبینە خۆراکی سەگەڕەش).

ئەمانە بەشێکی کەم لەقسەکانی شایەتحاڵەکانی دیوی ناوەوەی ئەنفالن. کەلەزیندانەکانی تۆپزاواو دوبزو نوگرەسەلماندا بوون ئەوڕاستیانە دەگێڕنەوە کەبەچاوی خۆیان بینیویانە خۆشیان بەشێك بوونە لەوقوربانیانە. هەریەك لەشایەتحاڵەکانی گولەباران کراوەکانیش کەبەڕێکەوت رزگاریان بووە سەرگوزشتەو دیمەنی دڵتەزێنی واباس دەکەن مرۆڤ لەئاستیان دا سەرسام دەبێت .کەلەتەواوی دەیان هەزار گەنجەی لەتۆپزاوادا جیاکرانەوەو خرانە سەیارەوەو بردیانن تەنها( 7)حەوت کەسیان گەڕانەوە, کەئەوانیش

1– عوزێر وەهاب محەمەد سلێمان خەڵکی تەرجیل

2–محەمەد حەمە عەلی 1956 خەڵکی گوندی عەلیانی تازە.

3–عومەر لەدایك بووی 1966 گوندیجافان.

4–فەرەج لەدایك بووی 1950 گوندی تۆپخانە.

5–ئیبراهیم لەدایك بووی 1965 =کانی قادر.

6–انوەر تەیار

7–تەیمور عبدالله لەدایك بووی 1980 گوڵەجۆ.

هەریەك لەوان جۆرێك چیرۆکی دەربازبوون دەگێڕێتەوەو بەپەت پەتیو ئازارێکی زۆر توانیویانە دوای ڕزگاربونیان لەگولله باران کردنەکە خۆیان بگەیەننەوەکوردستان.. لەپێشتردا کورتەیەك لەچیرۆکی(تەیمورمان باس کرد)و لێرەش داو بەکورتی بەسەرهاتێکی ئەوشایەتحالانەی تر دەنوسینەوە کە شایەتحاڵی گولله باران کردن‌و شاردنەوەی هەزاران لاوی کوردن لەگۆڕی بەکۆمەڵ دا.

یەکێك لەشایەتحاڵەکان (عوزێر وەهاب محەمەد سلێمان)ە کەلەدایك بووی 1963 گوندی تەرجیلی سەر ڕێگای سەرەکی (کەرکوك– لەیلانە)و هێشتا ژنی نەهێنابوو.. تەمەنی لاوێتی بەکرێکاریەوە بردۆتە سەرو کرێکاری بینابووە. لەشەڕی

ئێران عێراق دا موالیدی هاتۆتەوە بۆسەربازیو چووەتەڕیزی سەربازیەوە لەسوپای عێراق وەك (جندی مكلف) دوای ماوەیەك سەربازیو بەردەوام بردنی بۆشەڕگەكان لەسەربازی هەڵدێتو لەگوندی (جافان) نیشتەجێ دەبێت تالەساڵی1987 دا ئەوگوندە لەلایەن سوپای عێراقەوە دەسوتێنرێتو عوزێر دەچێتە گوندی (خەرەیجان) كەشوێنێكی تارادەیەك دوورە دەست بووەو كۆمەڵێ سەربازی هەڵاتووی لێ بووە. كاتێ شاڵاوی ئەنفال دەست پێ دەكات, پەنادەبەنەبەر هەردەكان تائەوكاتە یدەنگو باسی ئەوە دەبیستن كەڕژێم لێبوردنی كاتی دەركردووەو هەركەس خۆی تەسلیم بكاتەوە رزگاری دەبێتو ئەوەشی خۆیتەسلیم نەكات دەكەوێتە بەرهەڵمەتی سوپاوەو وەك ئێرانی حسابی بۆدەكرێت.. ئەمیشوهەزاران كەسی تری ناوچەكە روودەكەنە قادركەرەمو خۆیان تەسلیم دەكەنەوە لەڕێگەی مستەشار (قاسم ئاغای كۆیە)وە..دەبرێنە مەركەزی پۆلیسی قادركەرەمو دوای 3رۆژو كۆكردنەوەی ژمارەیەكی زۆری زەلامی دێهاتەكانی ناوچەكە بەقافڵە دەبرێن بۆلیواكەی چەمچەماڵو پاشان بۆكەركوكو سەربازگەی (تۆپزاوا) دوورۆژ دوای گەیشتنیان لەگەڵ سەدان گەنجی تردا لەقاعەكانەوە دەهێنرێنە حەوشەی سەربازگەكەو بەچاودێری گاردو سەرباز ئەیانخەنە ناو كۆمەڵێ سەیارەی (موقەپەتەوە)و هەرسەیارەی 35 سیو پێنج كەسیان تێ كردووەو عوزێر لەناو سەیارەكەدا خەڵكی گوندەكانی تری دەوروبەری قادركەرەمی ناسیوەتەوە بەپێی قسەی ئەوشایەتحاڵانە ئەو سەیارانەی ئەمانی بردوە پێش ئەمان كاروانی تریشی بردوە چونكە پاسەكە پڕبووە لەمیزو پیسایيو لەناو پاسەكەدا بەكوردی پەیامی كورت كورتیان لەپشتی تەختەكان نوسیوە (بۆسنوری سعودیە)..(بۆسنوری كوێت)..(بۆعەرعەر) بەوەدا زانیویانە كەزووترو رۆژانی پێش ئەمان خەڵكی تری پێ گواستراوەتەوە..چونكە ئەمانیش لەبەیانی یەوە تاشەو هەربەڕێوە بوونەو ناچاربوونە كەمیزو پیسایی بكەنە ناو سەیارەكەوەو عەزابی ناوسەیارەكە لەبەر بۆنی پیسایيو گەرماكەی دۆزەخێك بووە بۆخۆی.. توانیویانە لەجامی نێوان خۆیانو شوێنی شۆفێرەكەوە پێشەوە ببینن‌و لەئاوێنەی شۆفێرەكەشەوە لەدواوە رامێنن كەبەمەزەندەی ئەمان پاسەكەی ئەمان سیو پێنجەمین ئۆتۆمبێل بووەو..بەحیمایەوە براون.. سەرەتا بەڕێگەی موصلْ دا براون‌و پاشان لای داوە بەڕێگەیەكی ترداو دوای نیوەڕۆ گەیشتونەتە (فەلوجە)و كاتێك لەوێ دەرچون قافڵەكەیان بووە بەدووبەشەوەو هەریەكەی بەلایەكدا رۆیشتون..

قافڵەی سەیارەكانی ئەمان لەخۆرئاوابووندا گەیشتۆتە (رومادی)ونیوسەعات ئەوێیان تێ پەڕاندوەو لەسەرپردێك پەڕیونەتەوەو لەوبەری پردەكەوە وەستاون كەسەعات 6,30ئێوارەبوەو تەماشایان كردوە لای مەركەزێكی پۆلیس دا وەستاون‌و لەوێدا شۆفێرەكان‌و گاردەكانی حیمایەیان دابەزیونەتە خوارەوەو خەڵكی بەرگ سەوزو بێری رەش لەجێیان سەركەوتون‌و بینیویانە كەدوو بلدۆزەر كەوتۆتە تەك كاروانەكەیان‌و زیاتر لەنیو سەعات رێیان كردوە. ئیتر ئەمان هیچ ئومێدێكیان نەماوەو تەواو لەوە حاڵی بوون كەئەوە دواسەفەریانەو لەناو سەیارەكەدا كەوتونەتە ئایەت خوێندن‌و باوەشیان بەیەكدا كردووەو گریاون.. تائەوكاتە دونیا تەواو تاریك بوەو لەبەر رۆشنایی لایتی سەیارەكەدا چاویان لێ بووە كەبلدۆزەرەكان چونەتە دیارچاڵەكان‌و ئیتر لەمانای ئەوە گەیشتون كەدەكوژرێن‌و خۆڵ دەكرێت بەسەریان دا.. یەكە یەكە سەیارەكان براونەتە دیار چاڵەكان‌و دایانیان گرتۆتە خوارەوەو بەڕیز دەستیان بەستونەتەوەو داویانیانەتە بەردەست ڕێژی گوللە .. ئەو پاسەی كەعوزێری تیابووەو تەواو دڵنیابوونە كەچارەنوسیان چیيە تەگبیریان كردووە كەگاردەكان هاتنە پێشەوە بۆكردنەوەی دەرگاكەو كوشتنیان ئەمان بەرگری لەخۆیان بكەن بەوشێوەیە پیلانیان بۆ خۆیان داناوە كەهەر یەكەم گارد هاتە ناو سەیارەكەیانەوە بۆ داگرتنیان ئەمان بەهێزترین كەسیان پەلاماری بداو چەكەكەی لێ

زەوت بکاتو نەهێڵێ دەرگاکە دابخرێتەوە یەکێك لەگاردەبەرگ نیزامیەکان کەپیاوێکی کەتەی مل ئەستوور بووە تەختەکەی نێوان خانەی شۆفێرو ئەمانی کردۆتەوە, بەندیەك کەناوی سەلام بووە شەقێکی بۆ داهاویشتووە کەلێی بدات بەلاَم گاردی دوەمی پشت شۆفێرەکە بەردەمانچەی داوەو هەرلەناو سەیارەکەدا کوشتویەتیو دەرگاکەی داخستۆتەوە, ئیتر کارلەکار ترازاوەو زانیویانە کەهەر لەجێدا هەموویان ئیعدام دەکرێن بۆیە تەگبیریان کردووە ئەمجارە لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا هەموویان پەلەقاژەیەك بکەن و خۆیان هەڵدەنە خوارەوە, کاتێك دەرگاکە کراوەتەوەو گاردێك هاتۆتە ناو سەیارەکەوە تاچاوی هەریەکێکیان ببە ستێتو بەڕیز بیانکەنە خوارەوەو, پەلاماری چەکەکەی دەستیان داوەو چەکەکەیان لێ سەندووە بەلاَم گاردەکە توانیویەتی شانەی فیشەکەکەی (مخزن) دەربکاتو لەدەرگاکەوە هەڵی بداتە خوارەوە.. بەندیەکانی تریش هەڵپەیان کردبوو تاخۆیان هەڵدەنە دەرەوە بەلاَم لەهەموو لایەکەوە درابوونە بەردەست ڕێژی گوللەو هەرلەناو سەیارەکەدا زۆربەیان کوژرابوونو یەك لەگاردەکانیش بەگوللەی خۆیان پێکرابوو.. لەو تێکچڕ ژانەدا کەزۆربەیان هەرلەژێر کوشنەکان دامردبوون سێ کەسیان بەسوکی بریندار دەبن عوزێر کەمێك رانی ڕوشابوو, ئیبراهیم سمتی راستی گوللەیەك بەری کەوتبوو بەلاَم ئێسکی نەگرتووەو عومەریش خۆی خزاندبوە ژێر ئوتومبێلەکەوە, پاش ئەودەست ڕێژو گوللە باران کردنە زۆرە کەدەڵێ پاسەکەیان هەلاهەلاکرد عوزێر بەهەر حاڵێك بووە توانیویەتی خۆی لەتاریکی دا ون بکاتو رابکات لەناکاو کەوتۆتە ناوچاڵێکەوەو پڕبووە لەجەنازە, هەستاوەتەوە ماوەی چەند کاتژمێرێك رایکردوەو زۆر جار کەوتۆتە نێو چاڵی پڕلاشەوەو چاڵی تری زۆر بینیوە کەئامادە کراون بۆئەوەی خەڵکی ئیعدام کراوی تێ بکەن... بەپەتی پەتیو ماندوبونێکی زۆر ئەوشەوە تابەری بەیان ڕێ دەکاتو دەچێتە ئۆردوگایەکی نزیك بەشوێنی رووداوەکەیان کەلەدوورەوە روناکیەکی بینوە, یەکەم ماڵ کەپێی گەیشتوە لەدەرگای ماڵێك دەدات سەیری کردوە دووکەس لەحەوشەکەدا خەوتونو پیاوێك بەکوردی دەنگی هەڵبڕیبوو (ئەوە کێیە؟) عوزێر وەلاَمی دابووەوەکە هەژارمو تۆزێك نانو ئاوم دەوێت) پاش کردنەوەی دەرگاو پرسیارو وەلاَم دەیبەنە ژوورەوەو هەندێ شۆربای پاقلەو نانیان داوە پێیو نەیان وێراوە داڵدەی بدەن کەبەو وەزعەوە بینیویانە. چەند ماڵێکی تریش گەڕاوە کەس نەیگرتۆتە خۆی تاکابرایەك ناوی احمەد بوە دڵی پێی سوتاوە بردویەتی سواری پاسێکی کردوە کەچوەبۆ رومادی لەم پاسەدا کابرایەکی تریشی بینوە کەبەهەمان شێوەی ئەم لەو گوللبە باران کردنە دەربازی بووبوو, پێکەوە تاگەراجی بەغدا چوونو لەونێوە عوزێر گەڕاوەتەوە کەرکوكو رزگاری بوو. ئەو کۆمەڵگایەش کەبۆی چوبوو کۆمەڵگایەکی کوردە ئێرانیەکان بوو کەلەسەرەتای شەڕەوە بۆیان دروست کرابوو..

ئەو دوکەسەی تریش (ئیبراهیمو عومەر) کە لەگەڵ عوزێر دا لەناو پاسەکەدابوونو نەمردبوون بەهەزار دەردە سەرێو هیلاکەت خۆیان گەیاندبووە هەمان کۆمەڵگاو ئیبراهیم لەبەغدا دەستگیر دەکرێت خۆی بەسەربازی هەڵهاتوو لەقەڵەم دەداتو بەزنجیرەیەك زینداندا تێ پەڕیوەو دواجار لای تاقمێکی جاش گیرساوەتەوە لەسلێمانی, عومەریش ماوەیەك لەکوردستاندا خۆی شاردۆتەوەو پاشان لەلێبوردنە گشتی یەکەی ئەیلول دا خۆی تەسلیم کردۆتەوەو کراوە بەسەرباز, وەعوزێریش بەهەمان شێوە .. ئەنوەر تەیاریش یەکێکی تربووە لەوبەندیانەی ناو پاسەکەی عوزێرو عومەرو ئیبراهیم دەربازبوەو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی قادرکەرەمو دواجار ئەوپێشمەرگانەی بەپارتی زانیلەوێدا ماونەتەوە بینیویانەو ئیتر چارەنوسی نادیارە...

هەریەك لەمحەمەد کەخەڵکی عالیانی تازەبوو دوژن و حەوت منالّی هەبوو چیرۆکی سەیر لەبارەی چۆنیەتی گەڕانەوەیەوە دەگێڕێتەوەو جێگای داخە محەمەد لەساڵی 1994 کەپێشمەرگەیPUK بوو لەشەڕی ناوخۆدا کوژراو کۆمەڵێك سەرگوزشتەی تاڵو یادگاریو زانیاری ئەنفالی بردە ژێر گڵەوە.. فەرەجیش کەلەچاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئێست وۆچ دا بەمصگفی ناوی هاتووە پیاوێکی 38 ساڵەو باوکی نۆ منالّ بووە ئەویش بەدەردەسەریو هیلاکەت رزگاری بووە.. بەسەرهاتی ئەم شایەتحالأنە بەدرێژی لە جینۆ سایدلەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد دەبینین کەمیدڵ ئێست وۆچ لەگەڵ هەریەکەیاندا چاوپێکەوتنی سازکردووەو ئەمەی سەرەوەش کورتەیەکی ئەوباسەبوو..

ئێستا 5 لەو 7 شایەتحالأنەی گوللە باران کردن لەژیان دا ماونو دەکرێت وەك شایەدی عەیان بۆدادگایکردنی ڕژێمو ئەنجام دەرانی ئەنفال سودیان لێ وەرگیرێتودەیان لەوشایەتحالأنەش لەژیاندان کەزیندانیەکانیان بینیو لەئەنفال دا گیرانو برانە تۆبزاواو دوبزو نوگرەسەلمان, کەئەوانیش دەتوانرێت سودی زیاتریان لیّببینین بۆتۆمارکردنی ئەنفال..

کەئەوەی من لێرەداودیدارم لەگەڵ بەشێکی ئەو شایەتحالأنەدا سازکردوە..لەناوچەیەکی جوگرافی بەرتەسکدا یە لەچاو فراوانی کردەی ئەنفالەوەو ژمارەشیان کەمترە لەچاو ئەوشایەتحالأنەی کەئێسیتا لەژیانداماون.. ئەویش لەبەرئەوە وام کردوە کەگەر ڕۆژگار بهێڵێ بەنیازم بەرگەکانی تری ئەم کتێبە تەواوبکەمو لەهەر بەرگێك دا چەند کەسانێك لەوانە بدوێنم...

هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك گەر چەند بچوکیش بێت لەڕێگەی ئەم کتێبەوە بەگەلەکەم بکەمو گەر هەوڵێکی ساکاریش بێت توانیبێتم لەپاراستنی بەڵگەو زندو راگرتنی شایەتحاڵەکانی ئەنفال دا هەنگاوێگم نابێت...


سەرچاوە:

1–جینۆساید لەعیراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد–میدڵ ئیست وۆچ (لاپەڕە 47).

2–جینۆساید لەعیراقداو...(نەوارەکانی عەلی حەسەن مەجید) (لاپەڕە 571).

3–تونی مەرگ – زیاد عەبدالرەحمان– چاپی 1995 .

4– ئەمنی ستراتیژی عیراقو سیٚ کوچکەی بەعسیان– ئەمین قادر مینە (لاپەرە236).

5– ئەنفال, کارەسات ئەنجامو ڕەهەندەکانی– یوسف دزەیی (لاپەرە57).

6–ئەمنی ستراتیژی عیراقو سیٚ کوچکەی بەعسیان– ئەمین قادر مینە (لاپەرە238).

7-ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێ کوچکەی بەعسیان-ئەمین قادر مینە(لاپەرە 193).

8- ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێ کوچکەی بەعسیان-ئەمین قادر مینە (لاپەرە 199).

9-ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێ کوچکەی بەعسیان-ئەمین قادر مینە(لاپەرە 199 ).

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

11-هەمان سەرچاوە(لاپەرە 242).

12-هەمان سەرچاوە (لاپەرە 246).

13-هەمان سەرچاوە.

14- ئەنفال کارەسات, ئەنجام و رەهەندەکانی-یوسف دزەیی(لاپەرە 69).

15-کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد-د.مارف عومەر گولّ (لاپەرە76).

16-جینۆسایدو پەلاماری ئەنفال(575).

17- خولانەوە لەناو بازنەدا (دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق)-نەوشیروان مستەفا ئەمین.

18-ئەمنی ستراتیژیعیراق و..(لاپەرە 206).

19-ئەنفال قۆناغێکەلەپراکتیکردنیجینۆساید,د.مارف عومەر گولّ(لاپەرە17).

20-ئەنفالی خاڵخالآن-مەلا شاخی(لاپەرە4).

21-هەمان سەرچاوە.

22-هەمان سەرچاوە.

23-هەمان سەرچاوە.

24-ا-خولانەوە لەناو بازنەدا -نەوشیروان مستەفائەمین(لاپەرە7).

-ب-ئەنفال کارەسات ئەنجام و رەهەندەکانی-یوسف دزەیی(لاپەرە 69 ).

25-هەمان سەرچاوە.

26- جینۆ سایدو پەلاماری ئەنفال.. (لاپەرە 568) .

27- هەمان سەرچاوە (لاپەرە 189).

28- هەمان سەرچاوە(لاپەرە 221).

29- هەمان سەر چاوە(لاپەرە 241).

30-هەمان سەر چاوە(لاپەرە 303).

31- هەمان سەر چاوە (لاپەرە 339).

32-هەمان سەر چاوە(لاپەرە 437).

33-هەمان سەر چاوە.

34- هەمان سەر چاوە.

35- هەمان سەرچاوە.

36- هەمان سەر چاوە.

37- تونی مەرگ- (لاپەرە 55).

38-ئەنفالی خاڵخالآن (لاپەرە 226).

39- تونی مەرگ (لاپەرە 24).

40- ئەنفال قۆناغێکە لە پراکتیکردنی جینۆ ساید(لاپەرە 16).

41- جینۆساید لە عیراق داو... (لاپەرە 17).

42- هەمان سەر چاوە (لاپەرە 24 ).

43- تونی مەرگ(لاپەرە 24).

44- جینۆ ساید لەعیراق داو... (لاپەرە 480).

45-هەمان سەرچاوە(لاپەرە 462).

46- ئەنفال, کارەسات..یوسف دزەیی (لاپەرە 79).

47- ڕۆژنامەی هاولاتی.. ژمارە(43) رۆژی یەکشەممە 2001/10/7.

48- جینۆ ساید لەعیراقداو... (لاپەرە 573).

49- هەمان سەرچاوە.

50- هەمان سەر چاوە(لاپەرە 462).

51-تونی مەرگ.

52- جینۆ ساید لەعیراقداو..(لاپەرە 426).

53-ا-تونی مەرگ (لاپەرە 35 )

-ب-جینۆ ساید لەعیراقداو... (لاپەرە7).

-ج- ئەنفال, کارەساتو..

54-ا-تونی مەرگ (لاپەرە 36).

-ب -جینۆ ساید لەعیراقداو..(لاپەرە 9).

-ج-ئەنفال, کارەساتو...(لاپەرە 261).

55-گۆڤاری ئەنفال- ژمارە (1)- (چاوپێکەوتنی کەنعان مەکیـیە لەگەڵ تەیمور عەبدوڵلا وەرگێرانی فایەق رەحیم).

56-جینۆساید لەعیراقداو.. (لاپەرە 480).

57- تونی مەرگ(لاپەرە 31).

58- هەمان سەر چاوە(لاپەرە 28).

59-هەمان سەر چاوە(لاپەرە 29).

60- جینۆ ساید لەعیراقداو..(لاپەرە 405)